تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
کەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5960) چوارشەممە 24ی حوزەیران 2020 «16» لاپەرە «500» دینار

بەهۆی کورتهێنانی بوودجە ناچار بووین مووچە دابڕێژینەوە

وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان: هەموو مووچەخۆرێک 21٪ی مووچەکەی ناگرێتەوە

وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئالان حەمە سەعید رایگەیاند: لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا، جەنابی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم داوای کرد و فەرمانی کرد بەزووترین کات دەست بە دابەشکردنی مووچە بکرێت و کاری تەکنیکی خۆتان تەواو بکەن. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

چەکدارانی پەکەکە لە سنووری پارێزگای نەینەوا هەڵدەکوتنە سەر بنکەیەکی پۆلیس

سەرچاوەیەک لە پارێزگای نەینەوا بە کەناڵی (روسیا الیوم)ی راگەیاندووە چەکدارانی پەکەکە بنکەیەکی پۆلیسی عێراقییان لە سنووری پارێزگای نەینەوا کۆنترۆڵکردووە و بەڕێوەبەر و کارمەندانی پۆلیسیش لەژێر هەڕەشە و گوشاری پەکەکە بنکەکەیان بۆ ئەو چەکدارانە چۆڵکردووە. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرپرسی باڵای کاروباری بەرگریی ئەمەریکا لە عێراق دەکات

ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە



دوێنێ سێشەممە 2020/6/23مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئەمەریکی کرد بە سەرۆکایەتی ئێرنست تایکرت بەرپرسی باڵای کاروباری بەرگریی ئەمەریکا لە عێراق.

لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی عێراق و گرنگیی هەبوونی هەماهەنگی لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق کرا.

بەرپرسی باڵای کاروباری بەرگریی ئەمەریکا لە عێراق، جەختی لەوە کردەوە کە ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە کە رۆڵێکی کاریگەریی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا هەبووە لە ناوچەکەدا. ستایشی هەنگاوە چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشی کرد بە تایبەتی لە وەزارەتی پێشمەرگەدا. گوتیشی: هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی گرنگ و ستراتیجی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نیگەرانیی خۆی لە دۆخی ناسەقامگیریی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەربڕی و جەختی لە کاراکردنەوەی میکانیزمی هاوبەشی ئەمنی لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەدا کردەوە کە زەمینە خۆش دەکات بۆ گەڕانەوەی سەقامگیریی بۆ ئەو ناوچانە.

یاسای چاکسازی لە سەرەتای مانگی حەوتەوە جێبەجێ دەکرێت

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند دژەکانی چاکسازی دەیانەوێت پرسی کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتەکان کە ڕێکارێکی کاتییە، ببەستنەوە بە پرسی چاکسازیی و وا لە خەڵک بگەیەنن چاکسازی دژی مووچەی ئەوانە، بەڵام بەم جۆرە نییە. ئەرشەد لۆلانی، رایگەیاندووە: ئەو کەمکردنەوەیەی بودجەی وەزارەتەکان کە لەلایەن حکوومەتەوە بڕیاری لێ دراوە، پەیوەندیی بە یاسای چاکسازییەوە نییە، بەڵکوو تەنیا بابەتێکی کاتییە و بۆ یەک مانگە و بەهۆی کورتهێنانی پارەی مووچەیە. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مستەفا کازمی کۆبوونەوە

بەچڕی گفتوگۆ لەسەر بژاردەکانی هەردوولا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر کرا



شاندی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی و شاندێکی باڵای حکوومەتی عێراق کۆبوونەوە. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی نووسینگەی ڕۆژنامەوانیی جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، دوێنێ پاش گەیشتنی شاندی باڵای دانوستانکاری حکوومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی بۆ بەغدا، یەکەم کۆبوونەوەی گەڕی سێیەمی گفتوگۆکانیان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق مستەفا کازمی ئەنجامدا. بەپێی ڕاگەیەنراوەکە لە کۆبوونەوەکەدا بەچڕی گفتوگۆ کراوە لەسەر بژاردەکانی هەردوولا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر. ئامانجە بەوەشدراوە کە لە ڕۆژانی داهاتوودا کۆبوونەوەکانی شاندی دانوستانکاری هەرێم و حکوومەتی عێراق بەردەوام دەبێت.

ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەستپێکردووە

بەرپرسی لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک دەڵێ لە چوارچێوەی دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا پرسی ئاساییکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دانوستانی لەبارەوە دەکرێت و لە هەفتەی ڕابردووشەوە دانوستانەکان دەستیان پێکردووتەوە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

دانوستانەکانی نێوان عێراق و ئەمەریکا لە مانگی حەوت دەستپێدەکاتەوە

بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند: گەڕی یەکەمی دانوستانەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق، ئەنجامی باشی هەبوو و بڕیارە لە مانگی حەوتدا گەڕی دووەم دەستپێبکاتەوە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

دەهۆک..

هەفتەی داهاتوو متمانە بە پارێزگاری نوێ دەدرێت

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک رایدەگەیەنێت: ناوی کاندیدی پارێزگاری دهۆک پێشکەشی ئەنجومەن کراوە و هەندێک ڕێکاری یاسایی هەیە کە تەواو کران متمانەی پێ دەدرێت، بۆیە هەفتەی داهاتوو متمانە بە پارێزگاری نوێی دهۆک دەدرێت. (زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

پەنجا کۆمپانیای گەورەی بیانی لە هەرێمی کوردستان دەست بە ئەنجامدانی پرۆژە دەکەن

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان گوتی: کۆمپانیای زۆر زەبەلاح داوایان کردووە لە هەرێمی کوردستان پرۆژەی گەورە ئەنجام بدەن، کە بەشێکیان کۆمپانیای بیانین و دەشڵێ: ئێمە ئاسانکاری تەواویان بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی سەردانی هەرێم بکەن و دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان بکەن. (زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)



ڕێڕەوی ماسییەکان لە دەریاچەکانەوە بۆ سەر سفرەکان

ماسی سورە، کوڵە، سمێڵە گرانترین جۆری ماسییەکانی دەریاچەکەن

ماسی بەرهەمێکی نیشتیمانییە لە زۆرێک لە وڵاتاندا، ماسی دەریا، ماسی حەوز، لەگەڵ ماسی ڕووبارەکان سەرچاوەی بژێوی و داهاتی ئاژەڵدارین لە وڵاتان. هەر لە کۆنەوە ماسی لە دەریاچەکانی هەرێمی کوردستان ڕاوکراوە و لە بازارەکاندا ساغ کراوەتەوە، بەڵام بەهۆی کەمی ڕووبارەکان و نەبوونی دەریا، لەڕێی دڕووستکردنی حەوزەوە بیر لە زۆر کردنی ئەو بەرهەمە گرنگە کراوەتەوە. (زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)

بەهۆی شەڕی تورکیا و پەکەکە لە دەڤەری حەفتەنین هاوولاتیان گوند و ناوچەکانیان چۆڵ دەکەن

دوای هەشت ڕۆژ لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی تورکیا لە دژی چەکدارانی پەکەکە لە دەڤەری حەفتەنین، تەواوی دانیشتووانی گوندی کەشان لەو دەڤەرە ناچاربوون ماڵەکانیان جێبهێڵن و بەتەواوی گوندەکە چۆڵ بکەن. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

بەهۆی زیادبوونی ژمارەی قوربانییانی کۆرۆنا.. عێراق چووەتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە

وەزیری تەندروستی و ژینگەی عێراق، رایگەیاند کە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی تووشبووان و گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، عێراق چووەتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

خولێکی تری دانوستان لەگەڵ بەغدا

سەلام عەبدوڵلا

دوێنێ سێشەممە 2020/6/23 شاندێکی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێم بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکوومەت، بۆ چارەسەری گرفتەکان، گەیشتە بەغدا، ئەگەرچی دانوستانێکی زۆر لەو بارەیەوە کراوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنێکی بنجبڕ کە کۆتایی بە کێشانە بێنێت و هەموو سالێک ئەم گرفتانە دووبارە نەبنەوە.

هەرچەند ماوەیەک لەمەوبەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی پێشوو عادل عەبدولمەهدی کرا، بەڵام وادیارە لە عێراق کە حکوومەت دەگۆڕدرێ، ئیدی ئەو ڕێککەوتنانەی حکوومەتی پێشوو بایەخی نامێنێت و بەغدا پێوەی پابەند نابێت.

کرۆکی ئەم گرفتانەش لە تەفسیری نادروستی حکوومەتی عێراقییەوەیە کە خاڵەکانی دەستوور بە ئارەزووی خۆی ڕاڤە دەکات و پشت بە دەقە دەستوورییەکان نابەستێ و ئەوەی تەنیا لە بەرژەوەندی خۆیەتی دەیخاتە سەر مێزی گفتوگۆ و دەیەوێ دانوستاندنی لەبارەوە بکات.

حکوومەتی هەرێم پابەندی دەستوورە و دەیەوێ هەموو گرفتەکان لە ڕێگەی دەستوور و لەکاتی گرفتەکانیشدا لە ڕێگەی دادگای باڵای فیدراڵییەوە چارەسەر بکات.

بەڵام پێداگریی حکوومەتی عێراقی، لەسەر ناردنی مووچەی هەرێم و شایستە داراییەکان، تا دێت گرفتی بۆ دروستدەکرێت.

بەپێی نووسراوێکی پێشووتری حکوومەتی عێراقی، داواکارییەکانی لە هەرێم دوو خاڵی گرنگی تێدایە:

(تەواوکەری لە ل2 بخوێنەوە)



بەرپرسی لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک

د. محەمەد خورشید:

ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەستپێکردووە

پۆستی پارێزگاری کەرکووک مافی کوردە

بەرپرسی لقی 3ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک دەڵێ لە چوارچێوەی دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا پرسی ئاساییکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دانوستانی لەبارەوە دەکرێت و لە هەفتەی ڕابردووشەوە دانوستانەکان دەستیان پێکردووتەوە.

د. محەمەد خورشید، بەرپرسی لقی پارتی لە کەرکووک لە لێدوانێکدا بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕایگەیاند: لە هەفتەی ڕابردووەوە دانوستانەکانی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک دەستیان پێکردووە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان تێیدا بەشدارن، بەڵام پڕۆژەیەکیان ئامادە کردووە بە دڵی ئێمە نییە وەک پێکهاتەی کورد لە کەرکووک.

ئەو بەرپرسەی لقی 3ی پارتی لە کەرکووک دەشڵێت: لە چوارچێوەی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان شاندێکی دیکە تێدایە لە بەغدا یەکێک لە تەوەری دانوستانەکانیان لەگەڵ بەغدا ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی سنووری مادەی 140ی دەستووری عێراق دەبێت و لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ پرسی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچە کێشەلەسەرەکان باس دەکرێت.

لەبارەی پۆستی پارێزگاری کەرکووکەوە، د. محەمەد خورشید گوتی: هەر پێکهاتەیەک پۆستی پارێزگاری کەرکووک بە مافی خۆی دەزانێت، بەڵام بێگومان ئێمە وەک کورد پۆستی پارێزگاری کەرکووک بە مافی خۆمان دەزانین، هێشتا ئەو پرسە یەکلا نەبووەتەوە.

شاندی باڵای هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد



شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکوەزیران سەردانی بەغدای کرد

بەئامانجی درێژەدان بە دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ، تایبەت بە چارەسەرکردنی پرسە هەڵپەسێردراوەکان، دوێنێ سێشەممە شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکوەزیران قوباد تاڵەبانی، سەردانی بەغدای کرد. ئەندامانی شاندەکەی حکوومەتی هەرێم پێکهاتوون لە وەزیری دارایی ئاوات شێخ جەناب، وەزیری کاروباری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم خالید شوانی، وەزیری کارەبا کەمال محەمەد سالح، وەزیری پلاندانان دارا ڕەشید و هەریەکە لە سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران ئومێد سەباح و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران ئامانج ڕەحیم.

هاوکات تیمێکی شارەزا کە هەرێم دەکەن، یاوەری شاندەکەی هەرێمی کوردستان دەکەن. دۆسیەکانی نەوت و شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان تەوەری سەرەکی گفتوگۆکانی نێوان شاندی دانوستانکار و حکوومەتی فیدراڵ دەبن. ئەمەش لەکاتێکدایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نیازپاکی خۆی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا نیشان داوە بەو ئامانجەی بگەنە خاڵی یەکلاکەرەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

فوئاد حوسێن: گرنگە ناکۆکییەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن

وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ڕایگەیاند، پالێشتی لە سەرجەم ئەو دەستپێشخەرییانە دەکەن کە لەسەر ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتی بە ئامانجی چارەسەرکردنی قەیرانی لیبیا، خراونەتەگەڕ. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن لە کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمکاری عەرەبی کە سەبارەت بە پێشهاتەکانی لیبیا و قەیرانی بەنداوی نەهزە سازکراوە، گوتارێکی پێشکەشکردووە.

وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن سەبارەت بە قەیرانی لیبیا جەختکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە گرنگە ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکانی لیبیا بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت و هەوڵەکانیش یەکبخرێن بۆ ڕێگرتن لە دەستوەردانەکانی دەرەکی. فوئاد حوسێن گوتیشی: پالێشتی لە سەرجەم ئەو دەستپێشخەرییانە دەکەین کە لەسەر ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتی بە ئامانجی چارەسەرکردنی قەیرانی لیبیا خراونەتەگەڕ، جگە لەوەش دەستوەردانەکان لە کاروباری ناوخۆی لیبیا ڕەتدەکەینەوە. سەبارەت بە قەیرانی بەنداوی نەهزەیش، وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن ئاماژەی بەوەداوە کە پالێشتی لە هەوڵەکانی میسر، سوودان دەکەن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی سەبارەت بە چارەسەرکردنی قەیرانی بەنداوی نەهزە و داواشی لە ئەسیوپیا کردووە کە لەگەڵ میسر و سوودان سەبارەت بە چارەسەرکردنی قەیرانەکە بگەنە لێکتێگەیشتن، بۆ ئەوەی مافی هەموان لە بەنداوی نەهزەدا دەستەبەر بکرێت.



هاوکاری گەورە لەنێوان سوپای عێراق و هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی و پێشمەرگە هەیە

گوتەبێژی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی ڕایگەیاند: سوپا و هێزە ئەمنییەکان بەردەوامن لە ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش و لەوبارەیەوە هاوکاری گەورە لەلایەن هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش و هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش، پێشمەرگە هەیە.

گوتەبێژی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی ڕایگەیاند کە بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) کاریگەریی نەکردووەتە سەر هەوڵ و تواناکانی سوپا لە ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش.

لیوا تەحسین خەفاجی لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵیی فەرمی عێراق ڕایگەیاندووە ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لەلایەن سوپا و هێزە ئەمنییەکانەوە بەردەوامە، بە تایبەتیش کە زانیاری تەواومان لەسەر توانا و بوونی شانە نووستووەکانی داعش لە ناوچەکاندا هەیە.

گوتەبێژی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی هاوکاتە لەگەڵ ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە هێزە عێراقییەکان لەژێر ناوی قۆناغی سێیەمی پاڵەوانەکانی عێراق بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکانی نێوان ڕۆژهەڵاتی سەحەڵاددین و ڕۆژئاوای دیالە و باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک ئەنجامی دەدەن.

خولێکی تری دانوستان لەگەڵ بەغدا

(تەواوکەری ل1)

یەکەم، ڕادەستکردنی تەواوی دۆسیەی نەوتی هەرێم بە بەغدا.

دووەم، ڕادەستکردنی تەواوی داهاتی خاڵە سنوورییەکان و داهاتی ناوخۆ. جا ئەگەر ئەجێندای دانیشتنەکە بەو شێوەیە بێت کە حکوومەتی عێراقی دەیەوێت، ئیدی چ مانایەک لە سەروەری و قەوارەی هەرێم وەکوو هەرێمێکی فیدراڵ لە عێراقدا دەمێنێتەوە؟

ئایا مەبەست لەم داوایانەی وکوو ڕادەستکردنی تەواوی دۆسیەی نەوت و هەموو داهاتی ناوخۆ و خاڵە سنوورییەکان، نەهێشتنی ناوەڕۆکی سیستەمی فیدراڵی نییە و مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا وەکوو پارێزگایەک نییە؟

کە ئەوەش دەقاودەق دژی مادەی (117)ی دەستووری عێراقی یە کە دەڵێ:

(ئەم دەستوورە لە ڕۆژی جێبەجێکردنییەوە بڕیار دەدات کەهەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە دامەزراوەکانی، هەرێمێکی فیدراڵییە.)

ئەم دەستوورە لە کاتی جێبەجێکردنیدا، دان بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانیدا وەک هەرێمێکی فیدراڵ دەنێت.

جا بە نیسبەت داهاتی نەوتەوە، ئەوا حکوومەتی عێراقی زانیاری تەواوی لەوبارەیەوە، ڕۆژانە، لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە لە بەردەستدایە و دەزانێ چەند بەرمیل نەوت هەنارەدەی دەرەوە دەکرێ و دەستکەوتی هەرێم چەند بووە.

سەبارەت بە داهاتی خاڵە سنوورییەکانیش، ئەوا هەر بەپێی دەستووری عێراقی دەتوانرێ مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا بکرێ، چونکە بەپێی مادەی (114) ئیدارەکردنی گومرک، بە هاوئاهەنگی دەبێت لەگەڵ هەرێمدا، کەواتە ئەم خاڵەش دەتوانرێت کۆنترۆل بکرێت و حکوومەت لە بەغدا دەتوانێت زانیاری تەواوی سەبارەت بە داهاتی هەرێم دەستبکەوێت.

بە کورتی، گەر دەستووری عێراقی وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت ئەوا تێکڕای گرفتەکانی نێوان حکوومەت و هەرێم چارەسەر دەکرێ.

شایانی باسە، هەر لەم هەفتەیەدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاوەری شاندێکی باڵا بۆ زەمینە سازی و لێکنزیکبوونەوە لەگەڵ بەغدا سەردانی بەغدای کرد کەوا چاوەڕواندەکرێ کەشێکی لەبار و ئارامی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا خولقاندبێت.

هۆشیار سیوەیلی:

دانوستانەکانی نێوان عێراق و ئەمەریکا لە مانگی حەوت دەستپێدەکاتەوە



بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: گەڕی یەکەمی دانوستانەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق، ئەنجامی باشی هەبوو و بڕیارە لە مانگی حەوتدا گەڕی دووەم دەستپێبکاتەوە.

هۆشیار سیوەیلی بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: گەڕی یەکەمی دانوستانی نێوان ئەمەریکا و عێراق بۆ ڕێککەوتنێکی تازە، تەواو بوو و بڕیارشە قۆناغی دووەمی دانوستانەکان لە مانگی حەوتدا دەستپێبکاتەوە و بەردەوامیش دەبن تاوەکو دەگەنە ڕێککەوتن، بەڵام بەپێی ڕاگەیەندراوی هەردوولاش لەبارەی دانوستانەکان، ئەنجامەکان باش بوون. سیوەیلی گوتیشی: پرۆسەی دانوستانەکان دوورودرێژە و بەردەوام دەبێت، کە ڕەنگە تا مانگی 11ی ئەمسال درێژە بکێشێت.

لە ئاکامی هێرشێکدا

سێ کەس لە سەرێ کانی گیانیانلەدەست دا

لە ئاکامی هێرشێکدا لە ڕێگای تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژراوەوە لە شارۆچکەی سەرێ کانی سێ هاوڵاتی مەدەنی گیانیانلەدەست دا و 10ی دیکەیش بریندار بوون.

لە ئاکامی هێرشێکدا لە ڕێگای تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژراو لە شارۆچکەی سەرێ کانی سێ هاوڵاتی مەدەنی گیانیانلەدەست دا و 10ی دیکەیش بریندار بوون. مەترسی ئەوە هەیە ژمارەی قوربانیان بەرز ببێتەوە و تا ئامادەکردنی ئەو هەواڵەش هیچ لایەنێک بە فەرمی ڕاینەگەیاندووە کە ئەو هێرشە لەلایەن کام گرووپ و لایەنەوە ئەنجامدراوە.



www.xebat.net
چوارشەممە 2020/6/24 ژمارە (5960)

بڕیاری کەمکردنەوەی مووچە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە یاسای چاکسازییەوە نییە

ئالان حەمەسەعید: هەموو مووچەخۆرێک 21%ی مووچەکەی ناگرێتەوە

بەهۆی کورتهێنانی بوودجە ناچار بووین مووچە دابڕێژینەوە

وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئالان حەمە سەعید رایگەیاند: لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا، جەنابی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم داوای کرد و فەرمانی کرد بەزووترین کات دەست بە دابەشکردنی مووچە بکرێت و کاری تەکنیکی خۆتان تەواو بکەن.



ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سەبارەت بە بڕیاری کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی دەستکاریکردنی مووچەوە، وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کوردستان24 رایگەیاند: ئێمە کورتهێنانمان هەیە لە بودجەی پێویست بۆ شایستە داراییەکانی مووچەخۆران، ئەمەش سێ هۆکاری هەیە، یەکەمیان لە بەغداوە پارە وەک پێویست نەهاتووە، دووەمیان بەهۆی ڕێکارەکانی خۆپاڕێزی و کەمبوونەوەی داهاتی ناوخۆ، سێیەمیش بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە بوو، بۆیە تووشی کورتهێنان بووین و ناچار بووین مووچە دابڕێژینەوە لە بەر ڕۆشنایی داهاتەکانمان.

ئالان حەمەسەعید، گوتیشی: ئێمە 500ملیۆن دۆلار داهاتمان لەبەر دەست بوو. 22کاتژمێر گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە کراوە. هەموومان بەیەکەوە بە یەک تیم و بە یەک ئاست و لە ئاستی یەک بەرپرسیارێتی کارمان کردووە بۆ ئەوەی مووچە دابین بکرێت. لە ڕووی تەکنیکییەوە بۆمان دەرکەوت، کورتهێنانمان بریتییە لە 35%.بەو پێیەی 755ملیۆن دۆلار بڕی پێویستی مووچەیە. ئێمە 500ملیۆن دۆلارمان هەبوو، واتە 255ملیۆن دۆلار کورتهێنان هەبوو.

سەبارەت بە چۆنێتی دەرکردنی بڕیارەکە، گوتیشی: لە ئەنجوومەنی وەزیران زۆر گفتوگۆمان کرد و بە هەموومانەوە وەک ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بڕیارەمان دەرکرد و هیچ بژاردەیەکی دیکەمان لەبەر دەست نەبوو. دەبوایە 35% لە مووچە کەم بکەینەوە. سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان خودی خۆی گوتی ئەو بڕە زۆرە و هەوڵ دەدات قەرزێکی 100ملیۆن دۆلاری بکات بۆ ئەوەی ئەو بڕە کەمبکرێتەوە.

وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وردەکاری زیاتری خستەڕوو و گوتیشی: ئێمە یەکەمجار لە پلە بالاکانەوە دەستمان پێکرد و وەک ئەنجوومەنی وەزیران، مووچەی خۆمان دوو مانگە کردووەتە نیوە و ئەو بڕیارە چەسپێندرا بەسەر مووچەی پلەی سەرۆکایەتییەکانی دیکە و پلە بالاکان و پلە تایبەتەکان. لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە تا بەڕێوبەری گشتی و سەرجەم پلە تایبەتەکانی (ا.ب)ی مەدەنی و سەربازی کەمکرایەوە. بەڵام کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی و خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان و ئەوانەی لە 300هەزار دینار کەمتریان هەیە دەستکاری مووچەیان ناکرێت. هەروەها گوتی: لەم بابەتەدا لەسەر بنەمای داپەروەری بڕیار درا، نەک لەسەر بنەمای یەکسانی، بۆ نموونە، بوجەی وەزارەتی پەروەردە ئەم مانگە، گرێیان 150ملیار دینارە و حکوومەت دەتوانێت تەنیا ئەم مانگە 79%ی دابین بکات. دەسەڵات دراوەتە وەزارەت و دامەزراوەکان و خۆیان لەسەر بنەمایەکی داپەروەرانە ئەو مووچەیە دابەش بکەن. بۆ نموونە لە پەروەردە 10پلەی مووچە هەیە، بۆ ئەوەی لە پلەی 10یەم مووچە نەبڕین، لە پلەی نۆیەم لە 5% دەبڕدرێت و لە پلەی هەشتەم 12%دەبڕدرێت لە پلەی حەوتەم 16%دەبڕدرێت. واتە مەرج نییە هەموو فەرمانبەر و مووچە خۆرێک 21%ی لێ کەمبکرێتەوە. بۆ نموونە لە وەزارەتێکی دیکە، پێویستی بە 21ملیار دینار بووو، 21%ی لێ کەمکراوەتەوە. ئەوەی دیکە خۆیان دەتوانن داببڕێژنەوە و بنەما سەرەکییەکە پاراستنی ئەو فەرمانبەرانەی لە پلە 10؟ 9؟ 8؟ 7) یەکێک لە پلە 5ە رەنگە ڕێژەی زیاتری لێ کەمبکرێتەوە لەوەی لە پلە 6و 7 کەمدەکرێتەوە. واتە ئەوە دەسەڵاتی وەزارەتە بە مەرجێک لە دابەزەروەری لانەدات و ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەو توێژانە زیانیان بەرنەکەوێت. بۆ نموونە فەرمانبەرمان هەیە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ نموونە 470هەزار وەردەگرێت، رەنگە تەنیا 24هەزاری لێ کەمبکرێتەوە. جەنابی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی کرد بەزووترین کات دەستبکەن بە دابەشکردنی مووچە بۆ مووچەخۆران و ئیشی تەکنیکی خۆتان لەسەر ئەم بابەتە تەواو بکەن.

ئالان حەمە سەعید، گوتیشی: ئەم بڕیارە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە یاسای چاکسازییەوە نییە. یاسای چاکسازی ڕۆژی 2ی تەمموزی 2020جێبەجێ دەکرێت و ئەمەی کراوە ڕێکارێکی کاتییە بۆ ئەم مانگە بۆ ئەوەی گونجاندن بکەین لە نێوان داهات و خەرجییەکان.

خەڵکانێک بەرژەوەندییان لە چاکسازی نییە و دژایەتی دەکەن

ئەرشەد لۆلانی: یاسای چاکسازی لە سەرەتای مانگی حەوتەوە جێبەجێ دەکرێت

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند دژەکانی چاکسازی دەیانەوێت پرسی کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتەکان کە ڕێکارێکی کاتییە، ببەستنەوە بە پرسی چاکسازیی و وا لە خەڵک بگەیەنن چاکسازی دژی مووچەی ئەوانە، بەڵام بەم جۆرە نییە.

ئەرشەد لۆلانی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ئەو کەمکردنەوەیەی بودجەی وەزارەتەکان کە لەلایەن حکوومەتەوە بڕیاری لێ دراوە، پەیوەندیی بە یاسای چاکسازییەوە نییە، بەڵکوو تەنیا بابەتێکی کاتیە و بۆ یەک مانگە و بەهۆی کورتهێنانی پارەی مووچەیە.

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: یاسای چاکسازی لە سەرەتای مانگی حەوتەوە بە کرداری دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، خەڵکانێک بەرژەوەندییان لە چاکسازی نییە و کارەکانیان هەمووی گەندەڵییە، دەیانەوێت وێنەکە ناشیرین پیشان بدەن، بۆیە بەو کەسانە دەڵێن یاسای چاکسازی بەرەو جێبەجێکردنە و پەشیمانبوونەوەی بۆ نییە، بۆیە دژەکانی چاکسازی دەیانەوێت پرسی کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتەکان کە ڕێکارێکی کاتییە، ببەستنەوە بە پرسی چاکسازی و وا لە خەڵک بگەیەنن چاکسازی دژی مووچەی ئەوانە.

ئەرشەد لۆلانی ڕاشیگەیاند: فەرمانبەران دڵنیا دەکەینەوە چاکسازی لە بەرژەوەندی ئەوانیدیە و یاسای چاکسازیش بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتەکان کە ڕێکارێکی کاتییە، ببەستنەوە بە پرسی چاکسازی و وا لە خەڵک بگەیەنن چاکسازی دژی مووچەی ئەوانە.

لۆلانی جەختیشی کردەوە: ئەوان لە پەرلەمانی کوردستان چاودێری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دەکەن و ئەو پەیڕەوەی بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی دەرکراوە ئێمە ئاگاداری بووین، لە مانگی داهاتووشدا یاساکە کە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئێمە چاودێریی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی دەکەین.



ئەرشەد لۆلانی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان

بەشێکی زۆری جووتیاران ماوەی هەفتەیەکە نەچوونەتە نێو کێڵگە و باخەکانیان

بەهۆی شەڕی تورکیا و پەکەکە لە دەڤەری هەفتەنین هاوولاتیان گوند و ناوچەکانیان چۆڵ دەکەن



دانیشتوانی گوندی کەشان ناچاربوون ماڵەکانیان جێبهێڵن و بەتەواوی گوندەکە چۆڵ بکەن

دوای هەشت ڕۆژ لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی تورکیا لە دژی چەکدارانی پەکەکە لە دەڤەری حەفتەنین، تەواوی دانیشتوانی گوندی کەشان لەو دەڤەرە ناچاربوون ماڵەکانیان جێبهێڵن و بەتەواوی گوندەکە چۆڵ بکەن. دوای ئەوەی شەڕ ڕۆژ لە گوندی کەشان لە دەڤەری حەفتەنین نزیکبووەوە و تۆپبارانی ڕۆژ بەتەواوی چۆڵکراوە و خەڵکی گوندەکەش هەموویان هاتوونەتە باتیفیا و دەوروبەری، دوێنێش ناچاربوون مەڕوماڵاتەکانیشیان بهێنن. جگە لە چۆڵکردنی ئەو گوندە بەتەواوی وەکو دڵشێر عەبدولستار دەشڵێ: دوو گوندی دیکەی ناوچەکە هەیە و ڕەوشەکە بە تەواوی ناسەقامگیرە بە جۆرێک 15 جار چیای خەمتیری تۆپباران کراوە و سێجاریش فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانیان کردووە.

دڵشێر عەبدولستار، بەڕێوبەری ناحیەی باتیفا لەلێدوانێکدا بە کوردستان 24ی ڕاگەیاندووە گوندی کەشان 15ماڵی لێیە بەهۆی تۆپبارانی زۆر بەتەواوی چۆڵکراوە و خەڵکی گوندەکەش هەموویان هاتوونەتە باتیفیا و دەوروبەری، دوێنێش ناچاربوون مەڕوماڵاتەکانیشیان بهێنن. جگە لە چۆڵکردنی ئەو گوندە بەتەواوی وەکو دڵشێر عەبدولستار دەشڵێ: دوو گوندی دیکەی ناوچەکە مەترسیی چۆڵکردنیان لەسەرە. گوندی شیلان لە نۆ ماڵ پێکهاتووە، تەنیا یەک ماڵی لێماوە و چاوەڕێ دەکرێت ئەویش بەتەواوەتی چۆڵبکرێت، چونکە ئەو ماڵەی لە گوندەکە ماون، بەردەوام لەوێ نین و هاتوچۆ دەکەن. هەروەها گوندی بانک، کە شەش ماڵی لێیە و دەوروبەری چەند ڕۆژێکە بەچڕی بۆردوومان دەکرێت، چاوەڕێ دەکرێت لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیا لە نزیکی، ئەویش چۆڵ بکرێت. دڵشێر عەبدولستار جەخت دەکاتەوە لەوەی بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، هێزەکانی تورکیا هاتوونەتە نێو خاکی هەرێمی کوردستان، بەڵام پێشڕەوییان نەکردووە.

گوندەکانی ناوچەکە ئەمساڵ بەچەندین شێواز زیانی ئابووریان بەرکەوتووە، سەرەتا بەهۆی پەتای کۆرۆنا، ناوچە گەشتیارییەکانی نزیکیان چۆڵ بوون و ئێستاش بەهۆی شەڕ و بۆردوومان، بەشێکی زۆری جووتیاران ماوەی هەفتەیەک دەبێت نەچوونەتە نێو کێڵگە و باخەکانیان.

ئەمەش لەکاتێکدایە چەندینجارە هەرێمی کوردستان بە فەرمی داوای کردووە نابێ خاکی هەرێمی کوردستان بۆ مەلمەلانێ و هێرش و پەلامارەدانی دراوسێکان بەرکاربهێنرێت و داواشی لە پەکەکە کردووە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان چۆڵبکات تا هیچ پاساوێک نەداتە تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر ئەو سنوورانە، چونکە هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان زیانی زۆریان بەرکەوتووە بەهۆی ئالۆزییەکانی نێوان تورکیا و پەکەکە لەسەر سنوورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بە تایبەتی گوندەکان ژیانیان تێدا وەستاوە و ڕەز و باخ و مەڕوماڵاتی هاوولاتیان بەردەوام دەبنە قوربانی هێرش و پەلامارەدانەکانی هەردوولایەنی شەڕکەر، وێڕای ئەوەش هەرێمی کوردستان داوا دەکات کێشەکان پێویستە لە ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن.

سوپای تورکیا تۆپبارانی گوندێکی سنووری حەسەکەی کرد

سوپای تورکیا و میلیشیا هاوپەیمانەکانی، بە تۆپی دوورهاوێژ تۆپبارانی گوندی تەویلەی هەڵکەوتوو لە باشووری خۆرئاوای ناحیەی تەل نەمریان لە سنووری پارێزگای حەسەکەی باکووری سووریا (ڕۆژئاوای کوردستان) کرد.

بەگوێرەی کوردستان 24ئەو گوندە نزیکە لە ڕێگەی نێودەوڵەتی ناسراو بە (ئێم 4و سەربازگەکانی سوپای تورکیا لە گوندەکانی ئەربەعین و لەیلانەوە تۆپبارانی گوندەکەیان کردووە، کە ژمارەیەکی زۆری هاوولاتی لێیە.

چالاکانی سووریا لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاویانکردەوە، سوپای تورکیا و میلیشیا هاوپەیمانەکانی دەستیان بە تۆپبارانی ئەو ناوچانە کردووە، کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات(هەسەدە)ن.

چەکدارەکانی پەکەکە هەڕەشەی سەرپەڕاندنیان لە کارمەند و بەڕێوەبەری بنکە کردووە

چەکدارانی پەکەکە لە سنووری پارێزگای نەینەوا هەڵدەکوتنە سەر بنکەیەکی پۆلیس



سەرچاوەیەک لە پارێزگای نەینەوا بە کەناڵی (روسیا الیوم)ی ڕاگەیاندووە چەکدارانی پەکەکە بنکەیەکی پۆلیسی عێراقییان لە سنووری پارێزگای نەینەوا کۆنترۆڵکردووە و بەڕێوەبەر و کارمەندانی پۆلیسیش لەژێر هەڕەشە و گوشاری پەکەکە بنکەکەیان بۆ ئەو چەکدارانە چۆڵکردووە.

بەگوێرەی کوردستان 24ئەو سەرچاوەیە ئاشکرای کردووە دوای گەڕانەوەی بەشێک لە خێزانە ئاوارەکان بۆ ناحیەی قەحتانییەی سەر بە قەزای شنگال، رۆژی یەکشەممەی ڕابردوو دەسەڵاتدارانی ئەمنی پارێزگای نەینەوا بنکەی پۆلیسی ئەو ناحیەیان بە فەرمی کردەوە.

ئاماژەی بەوەشداوە دوای کردنەوەی ئەو بنکەیە بە چەند کاتژمێرێک چەکدارانی پەکەکە هەڵیانکوتایە سەر بنکەکە و بە بەڕێوەبەری بنکەکەیان ڕاگەیاند، ئەگەر دەتەوێت لێرە بیت، دەتوانیت ئەمشەو وەک میوان بمێنیتەوە، بەڵام دەبێت بەیانی ئێرە جێبهێڵی، ئەگەریش ناڕازیی، ئەوا هەر ئێستا بڕۆ. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: چەکدارانی پەکەکە هەڕەشەی ئەویان لە بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس و کارمەندانی کردووە، کە ئەگەر بنکەکە جێنەهێڵن، سەریان دەپەڕێنن، ئاماژەی بەوەشدا، لەژێر ئەو هەڕەشە و گوشارانە، شەوی ڕابردوو بەڕێوەبەر و کارمەندانی پۆلیس ئەو بنکەیان بە یەکجاری بۆ چەکدارانی پەکەکە جێهێشتووە.

وەزیری تەندروستی و ژینگەی عێراق، حەسەن تەمیمی ڕایگەیاند کە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی تووشبووان و گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) عێراق چووەتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە.

حەسەن تەمیمی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ئاماژەی بەوەش داوە کە تا ئێستا هیچ چارەسەرێک بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا نەدۆزراوەتەوە و لەئێستادا، خۆپارێزی باشترین چارەسەرە و گوتی: بەمدواییانە ژمارەی تووشبووان و گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتەکەماندا زیادی کردووە، ئەمەیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عێراق چووەتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە.

وەزیری تەندروستی و ژینگەی عێراق، حەسەن تەمیمی باسی لەوەیش کرد کە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی ژمارەیەک نەخۆشخانە تایبەت بە چارەسەرکردنی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئامادە بکەن.

ئەمەیش لەکاتێکدا هۆشداری ئەوە دراوە کە هێشتا مەترسیی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئاستیی عێراق هەیە و تا دێت بەهۆی پابەند نەبوونی هاووڵاتییان بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزی، ژمارەی قوربانییانی ئەو ڤایرۆسە لەو وڵاتە ڕوو لە هەڵکشانە.

هەروەها دکتۆر حەیدەر سوڵەیمان، پزیشکی پسپۆڕی عێراقی، ڕایگەیاندووە: نایبڕ وەزارەتی تەندروستی تەنیا پشت بە دەرمان ببەستێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا. حەیدەر سوڵەیمان بەپێویستیزانی حکوومەتی عێراق بە بایەخەوە لە ڕێکارە تەندروستییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بڕوانێت و زۆرتر گرنگی بە قەدەغەکردنی هاتوچۆ و دروستنەبوونی گردبوونەوە و تێکەڵاوی، بدات. ئەو پزیشکە پێیوایە حکوومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتیی مستەفا کازمی، کەیسی تەندروستی پشتگوێخستووە و گرنگیی زیاتر بە بابەتە سیاسی و ئابوورییەکان دەدات و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق لە ڕووی ژمارەی تووشبووان و مردووان بە کۆرۆنا، ببێتە ئیتاڵیای دووەم.

دکتۆر حەیدەر سوڵەیمان ئاماژەی بەوە کرد، دوو دەستە دەرمانی ئەڤیفاڤیر، کە دەرمانێکی ڕووسییە و عێراق بەرهەمی دەهێنێت و بۆ چارەسەری تووشبووانی پەتای کۆرۆنا بەکاری دەهێنێت، بە 400 دۆلارە و وەزارەتی تەندروستی لە قۆناغی یەکەمدا، بەخۆڕایی بۆ چارەسەرکردنی 150 نەخۆش بەکاری دەهێنێت.

ئەو پزیشکە ئاماژەی بە چارەسەرێکی ئاسان و خۆڕایی بۆ پەتای کۆرۆنا کرد و ڕایگەیاند، جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکانی وەک تێکەڵنەبوون بە خەڵک و بەکارهێنانی دەمامک، چارەسەرێکی خۆڕاییە بۆ پەتای کۆرۆنا.

بەپێی دواینێ ئامارەکان تا ئێستا، 30 هەزار و 868 کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەیش هەزار و 100 کەس گیانیان لەدەستداوە و 13 هەزار و 935ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

بەهۆی زیادبوونی ژمارەی قوربانییانی کۆرۆنا

عێراق چووەتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە

پزیشکێکی پسپۆڕ: عێراق لە تووشبوون بە کۆرۆنا دەبێتە ئیتاڵیای دووەم



لە ماوەی هەشت ڕۆژدا یەک ملیۆن حاڵەتی تووشبووی کۆرۆنا تۆمار کراون

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی:

کۆرۆنا هێشتا بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە



بەپێی ئامارە جیهانییەکان لە ماوەی هەشت ڕۆژی ڕابردوودا یەک ملیۆن حاڵەتی تووشبوونی نوێ بە نەخۆشی کۆرۆنای جۆری کۆڤید 19 تۆمارکراوە، بەمەش کۆی گشتی ژمارەی تووشبوون بەم نەخۆشییە لە سەرانسەری جیهان گەیشتە زیاتر لە 9ملیۆن.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا کە دوێنێ لە هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە و تێیدا تێدڕوس ئادهانۆم بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHOگوتیەتی لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی کۆڤید 19 پاش زیاتر لە سێ مانگ ژمارەی تووشبووان گەیشتە ملیۆن کەس، بەڵام ئێستا تەنیا لە پاش هەشت ڕۆژ یەک ملیۆن حاڵەتی تووشبوونی نوێ تۆمار کراوە.

ئادهانۆم لە میانەی ڤیدیۆ کۆنفرانسێکەوە کە لەلایەن حکوومەتی ئیمارەتی دوبەیەوە ڕێکخرابوو، ئەمەی ڕاگەیاند و گوتی پەتاکە هێشتا بە خێرایی لە جیهاندا بڵاودەبێتەوە. گوتیشی دەزانین پەتاکە تەنیا هۆکاری قەیرانێکی تەندروستی نییە، بەڵکوو هۆکاری قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت لە زۆر وڵاتیش ببووتە هۆی قەیرانی سیاسیش. هوشداری ئەوەشی دا ئاسەواری خراپی ئەم پەتایە لە دەیان ساڵی داهاتوودا دەردەکەوێت.

زیادبوونی ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا وای لە دەسەڵاتدارانی سعودییە کرد بڕیار بدەن حەجی ئەمساڵ جیاواز بێت و تەنیا ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی سعوودییە و ئەو بیانیانەی لە وڵاتەکەیاندا دەژین، بۆیان هەبێت بەشداری لە فەریزەی حەجی ئەمساڵدا بکەن، ساڵی ڕابردووش نزیکەی 2.5ملیۆن کەس فەریزەی حەجیان ئەنجام دا. ئەحمەد ئەلتەیب شێخی ئەزهەر لەبارەی ڕاگەیاندنەکەی سعوودییە گوتوبەتی بڕیارێکی ژیرانەیە و شەرعییە بۆ پاراستنی ژیانی خەڵکی لەم پەتایە.

ناکۆکییەکانی فەڕەنسا و تورکیا گەرمتر دەبێت

ئیمانوێل ماکرۆن: تورکیا یارییەکی مەترسیدار دەکات و ئەوە قبووڵ ناکەین

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا: ئەوە فەڕەنسایە یاریی مەترسیدار دەکات



سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن پەنجەی تۆمەتی ئاڕاستەی تورکیا کرد بەهۆی پشتیوانییەکانی ئەو وڵاتە بۆ حکوومەتی لیبیا، گوتی: تورکیا یارییەکی مەترسیدار دەکات لە لیبیا و هەموو ئەو ڕێککەوتنانەشی پێشێلکردووە کە لە دانوستانە نێودەوڵەتییەکاندا پەسەندی کردوون.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا ماکرۆن گوتوبەتی: هەڵێکم دەستکەوت بەڕوون و ئاشکرا بە سەرۆک ئەردۆگان بڵێم کە من پێم وایە تورکیا یارییەکی مەترسیدار دەکات لە لیبیا و لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنانەدا یەک ناگرێتەوە کە لە کۆنگرەی بەرلیندا پەسەندی کردوون.

ئەوەش وەکو ئاماژەیەک بۆ کۆنگرەی ئاشتی کە لەمساڵدا لە بەرلین بەڕێوەچوو. ماکرۆن گوتیشی: ئێمە ئەو ڕۆڵەی تورکیا لە لیبیا دەیگێڕێت قبووڵی ناکەین.

لە کاردانەوەدا گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، حامی ئاکسۆی، سەبارەت بە گوتەکانی سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن لەبارەی ئەو پشتیوانییانەی کە تورکیا لە حکوومەتی لیبیای دەکات و ناوبردنی ئەو هاوکارییانە بە یارییەکی مەترسیدار، ڕایگەیاند: فەرەنسا کە ماوەی چەندین ساڵە بەهۆی پشتیوانییکردنی لە پێکهاتە ناشەرعییەکان، بەرپرسیارێتیی گەورەی لە پەلکێشکردنی لیبیا بۆ نێو پشێویی هەیە، لەوڕووەوە، لە بنەڕەتدا ئەوە فەرەنسایە یاریی مەترسیدار دەکات.

حامی ئاکسۆی وەڵامی نووسراوی پرسیارێکی لەبارەی گوتەکانی ماکرۆن سەبارەت بە تورکیا، لیبیا و خۆرهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست دایەوە، تێیدا هاتووە: گوتەکانی سەرککۆماری فەرەنسا ماکرۆن سەبارەت بەوەی تورکیا پشتیوانیی حکوومەتی لیبیای کردووە و ناوبردنی ئەو پشتیوانییانە بە یارییەکی مەترسیدار دەکات، ڕەتیکردەوە ڕێککەوتنامەی ئاشتیی واڕۆو بکات. فەرەنسا کە ماوەی چەندین ساڵە بەهۆی پشتیوانییکردنی لە پێکهاتە ناشەرعییەکان، بەرپرسیارێتیی زەبەلاحی لە پەلکێشکردنی لیبیا بۆ نێو پشێویی هەیە، لەوڕووەوە، ڕوون بکرێتەوە. گوتیشی: ئەگەر بەڕێز ماکرۆن بە بیرەوەریی خۆیدا بچێتەوە و عاقڵمەندیی کارا بکاتەوە، ئەوا ئەوەی بیردەکەوێتەوە کە ئاریشەکانی لیبیا لە هێرش و پەلامارەکانی حەفتەر سەرچاوەیان گرتووە، حەفتەر کە خوازیاری جەنگە و لە هەرێک لە مۆسکۆ و بەرلین ڕەتیکردەوە ڕێککەوتنامەی ئاشتیی واڕۆو بکات. فەرەنسا کە ماوەی چەندین ساڵە بەهۆی پشتیوانییکردنی لە پێکهاتە ناشەرعییەکان، بەرپرسیارێتیی زەبەلاحی لە پەلکێشکردنی لیبیا بۆ نێو پشێویی هەیە، لەوڕووەوە، لە بنەڕەتدا ئەوە فەرەنسایە یاریی مەترسیدار دەکات.

ئاکسۆی جەختی لەوەکردووەتەوە کە ماکرۆن لە ڕێگەی تۆمەتی بێ بنەماوە هەوڵدەدات ئەو ڕاستییە بشارێتەوە و گەلی لیبیاش هەرگیز ئەو زیانانە لەبیرناکات کە فەرەنسا لەپێناو بەرژەوەندیی تەسک و ئامانجی هاریکارەکانیدا بەو وڵاتەی گەیاندووە. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕاشیگەیاندووە: پێویستە فەرەنسا هەڵوێستی مەبدەئی بنەڕەتی لەبارەی لێکۆڵینەوە لە حاڵەتەکانی تاوانی تۆقێنەری جەنگ دژی سڤیلەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە تەرهونە کە لەلایەن چەکدارەکانی سەربە حەفتەری چەتە و کودەتاچی و سەربازە بەکرێگیراوەکان ئەنجامدراوە، نیشانبدات. ئەو قسانەی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە کاتێکدایە کە سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن پەنجەی تۆمەتی ئاڕاستەی تورکیا کرد بەهۆی پشتیوانییەکانی ئەو وڵاتە بۆ حکوومەتی لیبیا، گوتی تورکیا یارییەکی مەترسیدار دەکات لە لیبیا و هەموو ئەو ڕێککەوتنانەشی پێشێلکردووە کە لە دانوستانە نێودەوڵەتییەکاندا پەسەندی کردوون.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/6/24 ژمارە (5960)
خەبات



لە چەند وڵاتێکی ئەورووپادا نوێنەرایەتیی کوردانی چوار پارچەی کوردستان کۆبوونەوە

هۆڵەندا/عەبدولڵەهار هەولێری

دوای ئەوەی بڵاوبوونەوە و کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا لە ئەورووپا و بەتایبەتی لە وڵا□تانی ئەڵمانیا و بەلجیکا بەرەو کەمی دەچێت، رەوەندی کوردی وەک پەرۆشییەکی پارتایەتی و نەتەوەیی بۆ کارکردن، دەستیبەکار و چالاکییەکانی خۆی تایبەت بە رەوەندی کوردی کردەوە و هاوشێوەی هاووڵاتییانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا و بەلجیکا ڕێگە بەکار و جوڵە کۆمەڵایەتییەکانیان درایەوە.

لەم چوارچێوەیەدا بە ئامادەبوونی نوێنەرایەتیی کوردانی چوار پارچەی کوردستان کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچوو، بە مەبەستی کۆکردنەوەی تەواوی توانا کوردییەکان لەژێر یەک چەتری نەتەوەییدا بۆ ڕێکخستنەوە و یەکگرتنەوەی کۆدەنگی هەمووان و کارکردن بۆ قۆناغی ئایندە کە سوودی بۆ پرسە نەتەوەیی و لۆبی کوردی هەبێت، شایەنی باسە دیدارەکانیش بەردەوامیان دەبێت.

لە ئێران بەهای دۆلار ژمارەی پێوانەیی میژوویی تۆمار کردووە

بەهای یەک دۆلار گەیشتووەتە 20 هەزار تمەن و نرخی شتومەکیش بەرزبووەتەوە



لە ئێران بەهۆی ئەوەی بەهای دۆلار گەیشتووەتە سەروو 20هەزار تمەن و ژمارەیەکی پێوانەیی میژوویی تۆمارکردووە، نرخی شتومەک لەو وڵاتە بەرزبوونەوە و حکوومەت هەوڵدەدات بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی نوێ ڕەوشەکە کۆنترۆڵ بکات.

دۆلار بەرزبوونەتەوە

سەرەڕای ئەوەی حکوومەتی تاران بەهای دۆلاری بەرانبەر بە چوار هەزار و 200تمەن جێگیرکردووە، بەڵام لە بازاڕی ئازاددا بەهاکەی گەیشتووەتە سەروو 20هەزار تمەن، ئەوەیش کاریگەری نەرێنیی لەسەر ئابووری ئەو وڵاتە دروستکردووە کە ڕۆژانێکی سەخت بەڕێدەکات.

وەزارەتی پیشەسازیی، کانزاکاریی و بازرگانیی ئێران بڵاوی کردەوە کارتی بازرگانیی ئەو بازرگانانە هەڵدەپەسێرێت کە ئەو پارەیەی بە کاری هەناردە دەستیان کەوتووە ناهێننەوە بۆ وڵات. لەو بارەیەوە وەزارەتی نابوراو لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بەپێی ئەو بەرنامەیەی بانکی ناوەندی دیاریکردووە هەنگاوی نوێ دەگیرێتە بەر بۆ ئەوەی تا کۆتایی مانگی تەموز ئەو پارەیەی بە هەناردە دەستیانکەوتووە بگەڕێننەوە بۆ وڵات.

ئێران نایەوێ پارەی کاش بخاتە بازاڕەوە

سەرۆکی گرووپی ئابووریی نووسینگەی ڕێبەری ئێران، عەلی ئاغا محەمەدی باسی لەوە کرد کە بانکی ناوەندی توانای ئەوەی هەیە پارەی کاش بخاتە بازاڕەوە و کۆنترۆڵی بەهای دراو بکات و گوتی: بانکی ناوەندی لە هەموو کات زیاتر بەهێزترە. هێندە هەیە کە یەدەکەکانیشی بخاتە بازاڕەوە، ئەگەر پارەی کاش بخرێتە بازاڕەوە ئەوا شەپۆلی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی دراو ڕادەگیرێت، بەڵام لەبەرئەوەی پێیوایە کە دەکرێت ڕەوشی ئێستا چارەسەر بکرێت ئەو کارە ناکات.

سەرۆکی بانکی ناوەندی ئێران، عەبدوننا‌سر هیممەتی لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەڤیزیۆنی فەرمی ئێران ڕایگەیاند با کەس چاوەڕوانی ئەوەمان لێ نەکات پارە بخەینە بازاڕەوە. ئەوە دووکان بەرچاو دەکەون کە حکوومەتی ئێران بەهۆی لە ڕێلادان یان ئەنجامدانی چالاکی نایاسایی دایخستوون.

دۆلار کاریگەری لەسەر هەموو شتێکی ئێران هەیە

خاوەن نووسینگەکانی ئالوگۆڕی دراو بەهۆی سیاسەتی کەمەربەندی دراوی حکوومەتەوە نایانەوێت قسە بکەن، بەڵام دەستگێڕێک بەناوی مورتەزا وەهابزادە کە کاری کڕین و فرۆشتنی دراوی دۆلار و یورۆ دەکات، باسی لەوە کرد کە بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار پەیوەندی بە خستنەڕوو و خواستەوە هەیە. مورتەزا وەهابزادە باسی لەوە کرد کە نرخی هەموو شتومەکێک لە وڵاتدا کاریگەری بەرزی بەهای دۆلاری لەسەرە و گوتی: بەرزی بەهای دۆلار لە وڵاتەکەماندا جگە لە نان کاریگەری لەسەر هەموو شتێک هەیە. بەهۆی ئەوەی بەهای دۆلار گەیشتووەتە 20 هەزار تمەن ئەوانەی نرخی شتومەکیان زیادکردووە کاتێک بەهای دراوەکە دابەزیوە هیچ گۆڕانکاریەک لە نرخدا ناکەنەوە، ئەوەیش گوزەرانی خەڵک سەخت دەکات. لەمەودوایش بەهای دۆلار لە بەرزبوونەوەدا دەبێت.

دوێنێ حەسەن ڕۆحانی لەبارەی دابەزینی نرخی تمەن لە بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی گوتی: دابەزینی بەهای دراوی تمەن بەرامبەر بە دۆلار، قەیرانێکی کاتییە و هیچ پەیوەندیی بە ئابووریی ئێرانەوە نییە. گوتیشی: قەیرانەکە لە ئەنجامی جەنگی دەروونی دژ بە ئێران لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتییدا سەری هەڵداوە بۆ ئەوەی نیگەرانی لای هاووڵاتییانی ئێران دروست بکرێت کە ئەوە هیچ پاساوێک هەڵناگرێت.

بەمدواییانە بەهای تمەنی ئێران بەرانبەر بە دۆلاری ئەمەریکی، بەجۆرێک دابەزینی تۆمار کردووە کە 20هەزار تمەن بەرانبەر بە یەک دۆلارە.



سامان بەرزنجی:

ڕۆژانە ژمارەی تووشبووان زۆر و ژمارەی چاکبووان کەمترە

حاڵەتەکانی توند و ترسناک و گواستنەوە و ڕێژەی مردن زیادیان کردووە

وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی ڕایگەیاند: لە هەڵکشانی ئێستای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19?چڕی ڤایرۆس لەناو کۆمەڵگەدا زۆر زیادی کردووە.

وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی ڕایگەیاند: لە هەڵکشانی ئێستای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19?چڕی ڤایرۆسەکە لەناو کۆمەڵگەدا زۆر زیادی کردووە. سامان بەرزنجی لە پەیامێکدا کە لە پەیجی فەرمی وەزارەتی تەندروستی و پەیجی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاویکردووەتەوە ڕاشیگەیاندووە، هەڵگرانی ڤایرۆس و حاڵەتەکانی بە نیشانە و توند و ترسناک و گواستنەوە و ڕێژەی مردن زیادی کردووە، دەرەنجام ڕۆژانە ژمارەی تووشبووان زۆر و ژمارەی چاکبووان کەمترە. سامان بەرزنجی ئاماژەی بەوەش کردوو کە باشترین ڕێکار بۆ کەمکردنەوەی چڕی ئەم ڤایرۆسە تەنها بە دروستکردنی بۆشایی و لێک دوورکەوتنەوەیە لەگەڵ بەستنی ماسک و بەردەوامی پشکنین.

وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەو ڕێکارانەی کە پێویستە لە ئیستادا بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بگیرێنەبەر ڕایگەیاندووە "شێوازی نوێی قەدەغەی هاتوچۆ ئەم بۆشاییە زیاد دەکات لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا تا ئەوەندەی زۆربێت و ترسناکی گواستنەوەی ڤایرۆس کەمدەبێتەوە.

هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی حەشارگەیەکی داعشی خاپوورکرد

لە ئاکامی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانیەتیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بەڕایەرایەتیی ئەمەریکا، حەشارگەیەکی تیرۆریستانی داعش لە سنووری پارێزگای سەڵاحەددین باکووری عێراق، خاپوور کرا. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی سەر بە نێپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراقەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەوە خراوەتەڕوو کە فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لە دوو هێرشی ئاسمانییدا، حەشارگەی تیرۆریستانی داعشیان لە سنووری پارێزگای سەڵاحەددین بۆردوومان کردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە ئاکامی بۆردوومانەکەدا، وێڕای خاپوورکردنی حەشارگەکە، هەروەها سەرجەم ئەو تیرۆریستانەیش کوژراون کە لەنێو حەشارگەکەدا بوون. لە ڕاگەیەندراوەکەدا زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە نەخراوەتەڕوو.

تەمپ تا کۆتایی ساڵ چوونی کۆچبەر بۆ وڵاتەکەی و ڤیزای کاری هەڵپەسارد

کاری لە پێشینە دەدرێت بە هاووڵاتییانی ئەمەریکی لە بواری هەلیکاری نوێدا

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەمپ بڕیارنامەیەکی واژوو کرد کە تا کۆتایی ساڵ، سنووردارکردنی چوونی کۆچبەر بۆ وڵاتەکەی و هەندێک ڤیزای کار دەگرێتەوە.

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەمپ بڕیارنامەیەکی واژوو کرد کە سنووردارکردنی چوونی کۆچبەر بۆ وڵاتەکەی و هەندێ ڤیزای کار دەگرێتەوە، هاوکات ئەو ڕێکارییانەی فراوان کرد و ماوەکەیشی تا کۆتایی ساڵ درێژکردەوە.

تەمپ ئەو بڕیارنامەیەی تا کۆتایی ساڵ درێژکردەوە کە لە 22ی نیساندا واژووی کردبوو و 60ڕۆژ کاری پێدەکرا و چوونەژوورەوەی کۆچبەری بۆ وڵاتەکەی هەڵپەسارد، هەروەها بڕیارنامەیەکی نوێی واژوو کرد کە هەندێک جۆری ڤیزا فراوان دەکات کە کۆچبەری نین.

لە بڕیارنامەکەدا تەمپ ئاماژەی بەوەش کردووە کە بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (Covid-19)ەوە کێشەی بێکاری لە وڵاتەکەیدا سەریهەڵداوە، جەختی لەسەر ئەوەیش کردەوە کە بەو بڕیارنامەیە کاری لە پێشینە دەدرێت بە هاووڵاتییانی ئەمەریکی لە بواری هەلی کاری نوێدا.

بەو بڕیارنامەیەی تەمپ واژووی کردووە ئەو کەسانەی خاوەنی ڤیزای کۆچبەرین تا کۆتایی ساڵی 2020ڕێگە نادرێت بچنە ئەمەریکاوە، هەروەها ئەو ڤیزانەشی کە لە جۆری ڤیزای کۆچبەری نین، بەڵام بواری کارکردنی بۆ خاوەنەکەی ڕەخساندووە خرانە چوارچێوەی بڕیارنامەکەوە.

لە کاتێکدا ڤیزاکانی H-1B, H-2B, H-4, L-1و هەندێک ڤیزای J-1کە ڤیزای کۆچبەری نین و خراونەتە چوارچێوەی بڕیارنامەکەوە لە بەرنامەی ڤیزای H-1Bدا پێشینە دەدرێتە ئەو کەسانەی خاوەنی بەرزترین مووچەن.

جۆرەکانی ڤیزای کاریگەر بەکێ دەدرێن؟

لەکاتێکدا لە ئەمەریکا ڤیزای H-1Bدەدرێت بە گرووپی کارکەری بەئەزموون هاوکات ڤیزای H-4دەدرێتە هاوسەری ئەو کرێکارانە. ڤیزای H-2Bدەدرێت بەو کارمەندانەی بەشێوەی وەرزی کار دەکەن، ڤیزای L-1یش دەدرێت ئەو بەڕێوەبەرانەی لەلایەن خاوەن کارەکانیانەوە دەنێردرێنە دەرەوەی وڵاتەکانیان. هەروەها ڤیزای J-1دەدرێتە ئەو کەسانەی بەشداری دەکەن لە بەرنامەکانی وەک مەشق، کار و گەشت و کەمپەکانی ڕاهێناندا.

تەمپ لە 22ی نیساندا ڤیزای کۆچبەرانی هەڵپەسارد کە بۆ ماوەی 60ڕۆژ کاری پێدەکرا، ئاماژەی بەوەیش کردبوو ئەگەر پێویست بکات ئەو ماوەیە درێژ دەکەنەوە.

دهۆک.. هەفتەی داهاتوو متمانە بە پارێزگاری نوێ دەدرێت



سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک رایدەگەیەنێت: ناوی کاندیدی پارێزگاری دهۆک پێشکەشی ئەنجومەن کراوە و هەندێک ڕێکاری یاسایی هەیە کە تەواو کران متمانەی پێ دەدرێت، بۆیە هەفتەی داهاتوو متمانە بە پارێزگاری نوێی دهۆک دەدرێت. فەیسەل عەبدوڵڵا گوتی: ناوی کاندیدی پارێزگاری نوێی دهۆک د. عەلی تەتەر گەیشتووەتە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ، بۆ ئەوەی متمانەی پێ بدرێت و، ئێمەش هەندێک ڕێکاری یاسایی پێویست دەگرینە بەر وهەفتەی داهاتوو ئەنجومەن کۆدەبێتەوە و متمانەی پێ دەدرێت.

عەبدوڵڵا گوتیشی: دوای متمانەدان بە پارێزگاری نوێ کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە پۆستی دیکەی ئیداریدا دەکرێت.

د. عەلی تەتەر، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ پۆستی پارێزگاری نوێی دهۆک کاندید کراوە و لە شوێنی فەرهاد ئەتروشی پارێزگاری ئێستای دهۆک، دەستبەکار دەبێت.

پەنجا کۆمپانیای گەورەی بیانی لە هەرێمی کوردستان دەست بە ئەنجامدانی پڕۆژە دەکەن

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان گوتی: کۆمپانیای زۆر زەبەلاح داوایان کردووە لە هەرێمی کوردستان پڕۆژەی گەورە ئەنجام بدەن، کە بەشێکیان کۆمپانیای بیانین و دەشڵێ: ئێمە ئاسانکاری تەواویان بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی سەردانی هەرێم بکەن و دەست بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بکەن.

د. محەمەد شوکری گوتی: کاروبارەکانی ئێمە زۆر بەباشی بەڕێوەدەچن و کۆمپانیای زۆر گەورە داواکاری بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە پێشکەش دەکەن، کە ڕۆژی دووشەمەش ڤیدیۆ کۆنفرانسێکمان لەگەڵ ژووری بازرگانی ئەمەریکا و نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە واشنتۆن و کۆمەڵێک وبەرهێنەری ئەمەریکی هەبوو، بۆیە کاری زۆر باش لە هەرێمی کوردستان دەکرێت.

شوکری گوتیشی: تا ئێستا 50کۆمپانیای گەورە داواکاریان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی گەورە لە هەرێمی کوردستان پێشکەش کردووە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان دەبێت.

ناوبراو باسی لەوەش کرد: ئێمە سەرقاڵی ئاسانکارین بۆ کۆمپانیا بیانییەکان بۆ ئەوەی کەهاتن کەرەنتینە بکرێن و ڕێکارەکانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی جێبەجێ بکرێن مەترسی دانیشتوانی گوندی دارا و میخاسی کاکەییەکان هەیە.

دەشڵێ: ئەو دوو گوندە وەک بەشێک لە خانەقین حیسابن و تەنا یەک گەڕەک لە نێوانیانە، بۆیە گەر ئەو دوو گوندە چۆڵ بکرێن مەترسی بۆ ناو خانەقینیش دروست دەبێت.

وەرگرتووە و بە ڕەچاوکردنی ڕێنمایی تەندروستی سەردانی هەرێم دەکەن و بە زووییش دەست بە ئەنجامدانی پڕۆژە دەکەن.



هەولێر.. لە شەڕی نێوان دوو بنەماڵە ژنێک کوژرا

ئەو چەکەی تاوانەکەشی پێ ئەنجامدراوە لە جۆری دەمانچەی تورکی بووە و دەستی بەسەردا گیراوە

لە شەڕی نێوان دوو خێزان لە هەولێر ژنێکی تەمەن 40ساڵ کوژرا کە دوور و نزیک پەیوەندی بە کێشەی ئەو خێزانانەوە نەبوو.

رائید هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر رایگەیاند:ڕووداوەکە دوێنێ سێشەممە 23-2020-6لە خانووەکانی پشت مزگەوتی جەلیل خەیات ڕوویداوە و لە نێوان دوو ماڵە بووە، لە ئاکامیشدا ژنێکی 40ساڵان کوژراوە.

بەهۆی ڕووداوەکە پۆلیس دوو کەسی دەستگیرکردووە کە هەردوولایەنی شەڕەکەن،ئەو چەکەی تاوانەکەشی پێ ئەنجامدراوە لە جۆری دەمانچەی تورکی بووە و دەستی بەسەردا گیراوە.

ژنە کوژراوەکە ناسیاوی هەردوو بنەماڵەیە و دراوسێیان بووە، بەڵام پەیوەندی بە شەڕەکەوە نەبووە.

پەڕاوی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کراوەتەوە، دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەش دادگا بڕیاری کۆتایی دەردەکات.

پۆلیسی سۆران:

بەهۆی شەڕە تەقە لە گوندێکی سیدەکان پێنج کەس بوونە قوربانی



گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران ڕایگەیاند: لە ئەنجامی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە گوندی کەژەکی سەر بە ناحیەی سیدەکان لە دەڤەری سۆران شەڕەتەقە دروست بووە وبەو هۆیەوە 3 کەس گیانیان لەدەست داوە و 2کەسی دیکەش بریندار بوون. لەمبارەیەوە موقەدەم شیمال دێواری گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران ڕایگەیاند: بەیانی دوێنێ سێشەممە 23/6/2020 ئاگادارکرایەوە کە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە گوندی کەژەک-ی سەر بە ناحیەی سیدەکان، شەڕەتەقە دروست بووە، بەداخەوە بەپێی زانیارییەکان لەم شەڕەدا کوژراو و بریندار هەیە و هێزە ئەمنییەکان بۆ کۆنترۆلکردنی بارودۆخەکە گەیشتوونەتە شوێنەکە.

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران گوتیشی: بە داخەوە لەم ڕووداوەدا تا ئێستا 3کوژراو و 2 بریندار هەن، و بریندارەکان بۆ چارەسەرکردن گەیاندراونەتە نەخۆشخانە، چەند کەسێکیش بەهۆی شەڕەکەوە دەستگیر کراون.

لەبەر ئەوەی ڕازی نەبوون ببنە حەشدی شەعبی

کاکەییەکان هەڕەشەی کۆمەڵکوژیان لێدەکرێت



شێخ جەعفەر شێخ مستەفا بەرپرسی لقی 15ی پارتی لە خانەقین گوتی: لە خانەقین دوو گوندی کاکەیی هەن کە نزیکەی 600ماڵ دەبن و دوای هێرشەکەی چەند ڕۆژی ڕابردوو ئێستا هەڕەشەیان لێ دەکەن کە کۆمەڵکوژیان دەکەن ئەگەر گوندەکان چۆڵ نەکەن، بۆیە ئەوانیش بە شەوان ماڵ و خێزانیان دێنن بۆ ناوشار و تەنا بەشێک لە پیاوەکان پاسەوانی لە گوندەکان دەکەن، کەهەڕەشەکانیش بە ناوی داعش دەکرێت و شەوی ڕابردووش جارێکی دیکە هەڕەشەیان لێ کردوون.

هەروەها گوتیشی: حەشدی شەعبی چوونەتە لایان و داوایان لێ کردوون کە فەوجێکیان بۆ دروست دەکەن و بیانکەنە حەشدی شەعبی، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، بۆیە مەترسی جیددی لەسەر دانیشتوانی گوندی دارا و میخاسی کاکەییەکان هەیە.

دەشڵێ: ئەو دوو گوندە وەک بەشێک لە خانەقین حیسابن و تەنا یەک گەڕەک لە نێوانیانە، بۆیە گەر ئەو دوو گوندە چۆڵ بکرێن مەترسی بۆ ناو خانەقینیش دروست دەبێت.

چەمچەماڵ.. پێنج کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون

سلێمانی.. کارمەندێکی تەندروستی بە کۆرۆنا گیانی لەدەستدا

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی ڕایگەیاند: یەکێک لە کارمەندانی تەندروستی لەنەخۆشخانەی شەهید د. هێمن دوای تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ، ئێوارەی دوێنێ دووشەمە گیانی لەدەستدا.

د.سەباح نەسرەدین بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی ڕایگەیاند:دوێنێ یەکێک لە کارمەندە دڵسۆزەکانی تەندروستی سلێمانی خاتووکەوسەر تەها ئیبراهیم کە لە قاوشی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەیشەهید د. هێمن خزمەتی دەکردبە هۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆچی دواییکرد، بەو بۆنەیەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەکەیان دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە، لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ تووشبوونی 5کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سنووری قەزاکە ڕاگەیاند. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، دوای ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە تاقیگەی سەنتەری ڕووبەڕووبوونەوە و دەستنیشانکردنی کۆرۆنا لە چەمچەماڵ، ئەنجامی 5 کەسی دیکە پۆزەتیڤ دەرچوو.

وەک لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژەی پێدراوە، ئەو 5 تووشبووە لە 3پیاو و دوو ئافرەتی تەمەن (54.70 .33 .28.54) ساڵێن. بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ ئاشکراشیکرد، هەر پێنج تووشبووەکە نیشانەکانی نەخۆشییەکەیان هەیە و ئێستا لە ژێر چاودێری پزیشکیدان.

هێماکانی هاتووچۆ دەستگیرکران

هیران.. دوو گەنج لەسەر شکاندنی

دوای بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆییەک لە تۆڕی کۆمەڵاتی تیکتۆک، کە دوو گەنج هێماکانی هاتووچۆ لێدەکەنەوە و دەیانشکێنن، پۆلیسی هیران هەردوو گەنجەکەی دەستگیرد.

مقەدەم فازڵ حاجی حوسێن گوتەبێژی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر رایگەیاند:گەنجێک بەناوی (ب. ت) لە گرتە ڤیدیۆییەک کە لە تۆڕی کۆمەڵاتیی تیکتۆک بڵاوی کردووەتەوە، لەگەڵ کەسێکی دیکە هێماکانی هاتووچۆ لە ڕێگای نێوان شەقڵاوە- هیران لێدەکەنەوە، تێکیانداەدەن و دەیشێوێنن، دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیس، هەردوو کەسەکە بە فەرمانی دادوەر لەلایەن بنکەی پۆلیسی هیران دەستگیر کران.

گوتەبێژی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر گوتیشی: وەکو بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ڕێگە نادەین کاری تێکدەرانەی ئەو کەسانە بۆ بەدەستهێنانی چەند لایکێک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە کردوویانە بەبێ سزادان تێپەڕێت و سکاڵای یاسای لە دژیان تۆمار دەکەین، بۆ ئەوەی سزای کارەکەیان وەربگرن، و تێکدان و شکاندنی هێماکانی هاتووچۆ دووبارە نەبێتەوە، نەشبێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ دووبارەکردنەوەی ئەم کارە قێزەونە.

سەبارەت بە سزای ئەو کەسانەی هێماکانی هاتووچۆ دەشکێنن یان دەیشێوێنن، مقەدەم فازڵ حاجی حوسێن گوتی: ئەو کەسانە لە پۆلیس دۆسیەیان بۆ دەکرێتەوە، دوای ئەوەی دۆسیەکەیان دەچێتە بەر دەستی دادوەر، ئەو بڕیار دەدات بەپێی چ مادەیەک سزا بدرێن.



خێزانێن داعش ڕەڤاندییێن ئێزدی ڤەدشێرن

بەرپرسێ نڤیسینگەها ڕزگارکرنا ڕەڤاندییێن ئێزدی ل دهۆکێ دیارکرکو خێزانێن داعش کچێن ئێزدی ناڤ خوە دا ڤەدشێرن. هەتا نۆکە پتر ژ دوو هزار 800کچ وژن و زارۆکێن ئێزدیێن دەستێن تیرۆرستێن داعش دا ماینە.

حسێن کۆرو قائیدی، بەرپرسێ نڤیسینگەها ڕزگارکرنا ڕەڤاندییێن ئێزدی ل دهۆکێ دیارکر کو: دناڤ کەمپاندا ل عێراق و سوریا کچ وژن و زارۆکێن ڕەڤاندییێن ئێزدی هەنە. ئەم هەولێن بەردەوامداینە بۆ ڕزگارکرنا هەموو ڕەڤاندییێن ئێزدی لێ خێزانێن داعش ڕەڤاندییێن ئێزدی ناڤ خوە دا ڤەدشێرن وئاشکرا ناکەن لەورا پێدڤیە هێزێن ئەمنی ڕژدتر بن ڤێ بابەتێ دا، ب تایبەتی ل کەمپا هۆلێ وکەمپێن موسلدا هەروەسا وان دەڤەرێن سالا 2014ێ دا کەڤتینە بن دەستێ تیرۆرستێن داعشدا، کاربکەن بۆ ئاشکراکرنا ڕەڤاندییێن ئێزدی.

ئاشکەرا کرکو پێدڤیە خێزانێن داعش ژ جهەکێ بۆ جهەکێ دی دهێنە ڤەگوهاستن سەروچاڤێن وان بهێنە ڤەکرن. ئەو نقاب سەرۆچاڤێن وان بهێتە راکرن ب تیر و تەسەلێ ڤەکۆلین دگەل هەموویان بهێتە کرن بۆ هندێ ڕەڤاندییێن ئێزدی ئاشکرا بن.

خۆیا ژی کرکو ل جینۆسایدا شنگال 6ـزار و 417کچ وژن و زارۆکێن ئێزدیان هاتبوونە ڕەڤاندن. هەتا نۆکە مە شیایە پتر ژ سێ هزار و 550کەسان ژ هەردوو ڕەگەزان بن دەستێن تیرۆرستێن داعش ڕزگاربکەن و هێشتا چارەنڤیسێ پتر ژ دوو هزار و 800ڕەڤاندیان ژی دیار نینە.

ڕێڕەوی ماسییەکان لە دەریاچەکانەوە بۆ سەر سفرەکان

ماسی سورە، کوڵە، سمێڵە گرانترین جۆری ماسییەکانی دەریاچەکەن

گەورەترین ماسی کە تا ئێستا لە دەریاچەکە گیراوە 80 کیلۆ بووە لە جۆری سیلقەر

هیچ ماسیگرێک باس لە رزقەکەی ناکات بۆ ئەوی دیکە ئەمەش بۆتە نەریت و کولتووری ماسیگران



ماسیگرێک: ماسییەکانمان بە نرخی جوملە لێدەکڕنەوە و ئەوانیش دەیانبەنە بازار بۆ فرۆشتن

خەبات: سلێمانی

ماسی بەرهەمێکی نیشتیمانییە لە زۆرێک لە وڵاتاندا، ماسی دەریا، ماسی حەوز، لەگەڵ ماسی ڕووبارەکان سەرچاوەی بژێوی و داهاتی ئاژەڵدارین لە وڵاتان. هەر لە کۆنەوە ماسی لە دەریاچەکانی هەرێمی کوردستان ڕاوکراوە و لە بازارەکاندا ساغ کراوەتەوە، بەڵام بەهۆی کەمی ڕووبارەکان و نەبوونی دەریا، لەرێی دروستکردنی حەوزەوە بیر لە زۆر کردنی ئەو بەرهەمە گرنگە کراوەتەوە. ماسی دەریاچەو ڕووبارەکان لە هەرێمی کوردستان جۆرەها ماسی لەخۆدەگرن کە خۆی لە ماسیە سوورە، سمێڵە، کوڵە، مشارە، سلقەر، پانکەو چەندانی تردا دەبینێتەوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەهەموو سالێکداو لەوەرزی زاوزێی ماسییەکاندا قەدەغەی ڕاوکردنی ماسی ڕادەگەیەنێت، ئەویش بە ئامانجی زیاتر کردنی ئەو بەرهەمە، لە ئاوی ڕووبار و دەریاچەکاندا. لە پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری، هەریەک لە دەریاچەکانی دووکان و دەربەندیخان لەسەر زێی بچوک و ئاوی ڕووباری سیروان، سەرچاوەیەکی سەرەکیین بۆ بەرهەمی ماسی کە خۆی لە چەندین جۆردا دەبینێتەوە.

هەموو ساڵێک لە 15ی حوزەیراندا کاتی هەڵگرتنی قەدەغەی ڕاوەماسیە دوای 3مانگ، بۆ بەرەبەیانەکەی ماسیگەرەکان بە خۆیان و تۆڕەکانیانەوە بە بەلەمێک دەچنە نێو ئاوی دەریاچەی دووکان و دەربەندیخان و یەکەم ڕاوی دوای وەرزی زاووزێیان دەکەن.

ڕووباری سیروان کە سەرچاوەی ئاوەکانی لە چەم و کانیاوەکانی ئێرانەوە دێت و دوای ئەوەی دەگاتە دەربەندیخان بەهۆی دروست کردنی بەنداوێکەوە لەسەری، دەریاچەکەی گلدانەوەی ئاوی دروست کردووە. دەریاچەکە بەدووری 50کم دەکەوێتە باشووری شاری سلێمانییەوە و سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمی ماسییە.

ستار عەبدوڵا کە لەدایکبووی 1962ەو زیاتر لە 40ساڵە لە ئاوی ڕووباری سیروان و دەریاچەی دەربەندیخاندا سەرقاڵی ڕاوەماسیە، بەدەم لێکردنەوەی ماسیەکانی نێو تۆڕەکەیەوە باسی لەوە دەکرد کە ڕاوەماسی پیشەیەکی قورسە بەڵام خۆشی تایبەتی خۆی تێدایە.

ڕۆژێک پێش هەڵگرتنی قەدەغەی ڕاوەماسی تۆڕەکان هەڵدەدەن

ستار باسی لەوە کرد کە لەسەعات 4ی بەرەبەیانەوە هاتوون بۆ هەڵگرتنەوەی تۆڕی ماسییەکان لەکاتێکدا کە ئێوارەی ڕۆژی ڕابردوو هەڵیانخستووە لە نێو ئاوەکەدا و دەڵێت، ڕۆژێک پێش هەڵگرتنی قەدەغەی ڕاوەماسیەکە دێین و تۆڕەکان هەڵدەخەین، بۆ ئەوەی تا بەرەبەیان چی ماسی کە پێوەی دەبێت، بیهێنینەوە، بڕیە لە ئێوارادا هەڵیان دەخەین و دوای 12سەعات دێینەوە هەڵیدەگرینەوە چونکە ئەگەر ماسیەکە لەکاتی گەرمادا بهێنێتەوە ئەوا ئەگەری هەیە بۆگەن بکات بەتۆڕەکەوە، بۆیە بەکاتی فێنکی دەبێت تۆڕەکان لەنێو ئاوەکەدا بێننەوە.

جۆری ئەو تۆڕانەی کە ماسی پێ ڕاو دەکەن

سەبارەت بە جۆرەکانی تۆڕ ئەو ڕاوچیەی ماسی ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان بەپێی خواستی خۆیان بۆ گرتنی ماسی گەورە یان بچوک تۆڕەکان هەڵدەدەن و دەڵێت، تۆڕ هەیە بۆ ماسی سەروو 10کیلۆیی، هەیە بۆ سەرو 20کیلۆیی، هەشمانە بۆ خوار 5کیلۆ، تۆڕی تایبەتیش هەیە بە ماسی زۆر ورد کە بۆ سوۆور کردنەوە دەبێت و بە سێ دانەیان کیلۆیەک نابن.

ڕاوچیانی ماسی لە پرۆسەی ڕاوکردنەکەیاندا چەندین تۆڕ دەخەنە نێو بەلەمێکەوە کە بە سەوڵ و بە ماتۆڕیش کار دەکات، لەو شوێنانەی نزیک دەبنەوە لە تۆڕەکە بە سەوڵ کار بە بەلەمەکە دەکەن بۆ ئەوەی دەنگە دەنگی ماتۆڕەکەی ماسییەکان پەرت نەکات و لەو تۆڕە دوورییان بخاتەوە کە هەڵیدەخەن، دواتر دوای هەڵگرتنەوەی تۆڕەکان بە ماتۆڕەکە کاری پێدەکەن و دەچنە سەر تۆڕێکی تر کە هەڵیانخستووە.

بەختیار خەلیل کە ڕاوچیەکی تری نێو دەریاچەکەیە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو باسی لێوە دەکرد

بەلەمانەی بەکاریدەهێنن لە کارگە جیاوازەکانی شاری هەڵەبجە دروست دەکرێت، بەنزیکەیی یەک ملیۆن دینار بۆیان دروست دەکەن بەسەوڵەکانیەوە، بەڵام ئەگەر خوازیار بن ماتۆڕی بۆ دابنێن، ئەوا دەبێت بەجیا بۆی بکڕن کە ئەویش بە نزیکەیی بڕی 3هەزار دۆلار لەسەریان دەکەوێت.

دوای ئەوەی ماسیگرەکان لە دەریاچەی دەربەندیخانی سەر ڕووباری سیروان کە تۆڕەکان هەڵدەگرنەوە، بەپێی شانس و هەڵکەوتەی ئەو ناوچەیەی تۆڕەکەیان لێیهەڵخستووە، ماسییەکان هەڵدەگرنەوەو دەیبەنە نزیک کەنار دەریاچەو ڕووبارەکە، لەوێوە کەسانێک هەن بەناوی ماسی سێڵ، کە ماسییەکانیان بە نرخی جوملە لێدەکڕنەوەو ئەوانیش دەیان بەنە بازار بۆ فرۆشتن پاش ئەوەی نرخێکی کەمی دەخەنە سەر، بە دووکانەکانی نێوبازارەکانیان دەفرۆشن.

لەنێو ماسیگرەکاندا نەریتێک هەیە کە زۆر کەم حەز دەکەن باس لە رزق و ڕۆزیی ئەو ڕۆژەیان بکەن بۆ یەکتر، تاکو زۆرترین بەرهەم بچنەوە لە تۆڕەکانیاندا. هیچ ماسیگرێک باس لە رزقەکەی ناکات بۆ ئەوی تر ئەمەش بۆتە نەریت و کولتووری ماسیگران.

وەک بەختیار خەلیل بەدەم گازندەوە باسی لێوە دەکرد

ئەو لە یەکەم ڕۆژی هەڵگرتنی قەدەغەی ڕاوەماسیدا هیچ ماسیەک بە تۆڕەکەیانەوە نەبووە، وەک ئەو باسی لێوە دەکات هیچ ماسیگرێک بە ڕاوچییەکی تر نالێت کە ئەو ڕۆژە چەندە ماسی گرتووە، تاکو بۆ ڕۆژی داهاتووتر، ماسییەکان لە تۆڕەکانیان زوویر نەبن و بەرهەمیان کەم نەبێتەوە.

ماسی سورە، کوڵە، سمێڵە گرانترین جۆری ماسییەکانی دەریاچەکەن

نوێنەر بەختیار لە دایکبووی 1992ەو یەکێکە لەوانەی کە بە جوملە بەرهەمی ماسیگرەکان دەکڕنەوە و پێیان دەڵێن ماسیستێن، ئەو باس لەوە دەکات کە لەسەر ڕۆخی ئاوی سیروان دەوەستن و چاوەڕێی مایگرەکان دەکەن کە بێنەوە ماسییەکانیان لێ بکڕن و ئەوانیش بیبەنە بازارەکان بیانفرۆشن.

نوێنەر دەڵێت: ئێمە ماسیەکان بەپێی جۆرەکانیان بە نرخی جیاواز لە ماسیگرەکان دەکڕین، بۆ نموونە لە وەرزی هاویندا کە تازە ماسگرتن دەکرێتەوە، ماسیە سورە، کوڵە، سمێڵە بە نرخێکی 6هەزار بۆ 6هەزار و نیو دەکڕینەوە، چونکە زۆر دەگمەنن ئەمانە و خواستیشیان لەسەرە، دواتر لە بازاڕدا بە 8هەزار دەیفرۆشینەوە، بەڵام لەوەرزی زستاندا ئەم نرخانە بەرزتر دەبنەوە، ماسی وردەش هەیە کە زیاتر بۆ سوورکردنەوە دەست دەدات کیلۆی بە هەزار بۆ هەزارو 500دینار دەبێت، کە 4دانەیان یەک کیلۆ دەبن لە جۆرەکانی ماسیە پانکە، ڕەقە و مشارە.

ناوبراو باس لەوە دەکات کە بەرهەمی ئەمساڵ لەچاو پار و پێراردا زۆر کەمی کردووە لە ئاوی سیرواندا و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لەمساڵ لەوەرزی قەدەغەی ڕاوودا، خەڵک هەبووە لە کاتی کەڕەنتینەکەدا هاتوون بۆ ڕاو، بێ ئەوەی هیچ سانسۆرێک و چاودێریەکیان لەسەر بێت، هاوکات ئاماژە بەوە دەکات کە لەئێستادا دوای سەرلەنوێ قەرەبالغ بوونەوەی دەریاچەکە لە ماسیگرەکان، ماسییەکان جۆلە کەمدەکەنەوەو بۆیە کەمتر بەر تۆڕەکە دەکەون، هاوکات لێڵ بوونی ئاوی دەریاچەکە بەهۆی کەمبوونەوەی ئاستی ئاوەکەیەوە یەکێکی تر لەو هۆکارانەی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم هاتووچۆی ماسییەکان لە ئاوەکەداو بەمەش کەمتر بەر تۆڕەکان دەکەون.

گەورەترین ماسی کە گیراوە 80 کیلۆ بووە لە جۆری سیلقەر

نوێنەر باس لەوە دەکات کە ساڵانی ڕابردوو ماسی زۆر گەورە لە ئاوی سیرواندا گیراون کە هەندێکیان گەیشتوونەتە 80کیلۆ، 60کیلۆ هەبووە بەتەنیا خراوەتە پشتی پیکابەوە تاکو بردوویانەتە نێو بازار و دەڵێت، ئەمساڵ گەورەترین ماسی کە گیراوە کەمێک لەمەوبەر ماسیەکی 16کیلۆیی لە جۆری سوورە بوو گرتیان، ساڵانی ڕابردوو ماسی لەجۆری سیلقەر هەبووە کە گرتوویانە کێشاویانە 80کیلۆ دەرچووە. ئەوانە بە تۆڕی تایبەت دەگیرێن، بەپێی دڕێژی تۆڕەکە جاری وا هەیە 5-4ماسی گەورە دەگرێت.





نوێنەر بەختیار: ئێمە ماسیەکان بەپێی جۆرەکانیان بە نرخی جیاواز لە ماسیگرەکان دەکڕین

کەژاڵ مەحموود بریندارى 13ى حوزەیرانى سلێمانى بۆ «خەبات» دەدوێت:

یەکبوونى کورد و تەبایى نێو ماڵى کوردستانیان گەردى غوربەت و ئازارەکانم دەسڕنەوە







ساسان دەرویش/ هۆڵەندا

بەهەر شێوەیەک بێ و لەهەر گۆشە نیگایەکەوە بێ، دەست خستنەسەر برینەکانى شەڕى ناوخۆ بەسوێیە وبڕن لە ئازار، بەتایبەتى بۆ کەسانێک کە سەرمایە و ماڵیان وگیانیان تیایدا بەخشیبێ، بەڵام ناشکرێ وەک پەندوەرگرتن لە مێژوو، ئەم هەموو ژان وخەم و ماڵوێرانیە نەنووسرێنەوە، تەنها لایەنى باش و جوانەکانى بنووسرێنەوە، بەمەش بۆشاییەک لە مێژوویەکى تەندروست دروست دەبێ و ڕووداوەکان لەبەرچاوناگیرێن و چەندبارە دەبنەوە، بێدەنگى هەتا هەتایش خەڵکانى سڤیلى تریش ڕاپێچى هەمان ڕووداو دەکەنەوە و بەمەش نەوەکانى دواى خۆمان نیگەران دەکەین و لەبەرانبەر مێژووش ویژدانى خۆمان ئاسودە ناکەین.

ئەوەتا خاتوونێک بەناوى کەژاڵ مەحمود لەدایکبووى شارى سلێمانى و لە نێو خانەوادەیەکى نیشتیمانپەروەر هەموو گەنجى خۆى بەئازارى جەستەى لە شەڕى ناوخۆ بەڕێکرد. وێنەى بریندارییەکەى بێ ویستى خۆى بووە هەوێنى سەدان بابەتى میدیاکان بە نووسراو و بینراوەوە لە کوردستان، بێئەوەى بزانن کێیە و ناوى چیە و لە کوێیە. 26ساڵ لەمەوبەر خاتوو کەژاڵ مەحموود لە ڕووداوێکى کارەساتبارى شارى سلێمانى لە 13ى حوزەیرانى خوێناوى 1994لە بەڕێکردنى تەرمى سەرکردە خاڵە عەفان لە نێو ئاپۆرای خەڵک بەشدار دەبێت. وەک ئەو سەدان هاوشارییەى هەم وەک هاوڕێباز وهەم وەک وەفایەک بۆ خزمەتى لەبەرچاوگرتنى ئەم پێشمەرگەیەى ئەیلول وگوڵان کە زیاتر لە 30ى ساڵى لە تەمەنى لە خەبات و تێکۆشاندا بەڕێکردووە. لە دواسەفەرى ئەم سەرکردەیەش بۆ گۆڕستان خاتوو کەژاڵ ویستى وەفایەک دەربڕێ ومالئاوایى لێبکات، لەسەرئەنجامى ئەو گردبوونەوە زۆرەى خەڵک و دەربڕینى هەست و سۆزیان بە دروشمى جۆراوجۆر و خۆشەویستى بۆ بارزانى و خاڵە عەفان و پارتەکەى واى لە دەستەلاتدارانى ئەوساى شارکرد تەقە لە ڕێپێوانە ئاشتى و هێمنایەکە بکەن و خاتوو کەژاڵ مەحموود بریندار ببێت و لەدواى ئەم ڕووداوە و بە بەردەوامى بلاوبوونەوەى وێنەکەى و بەکارهێنانى لەگەڵ بابەتەکانى ڕووداوەکە بێدەنگى شکاندوو بەمشێوەیە بۆ خەبات بۆمان دوا.

هیواخوازم ئەم کارەساتە دووبارە نەبێتەوە

سەرەتا خاتوو کەژاڵ باسى لە کارساتەکە و بریندارییەکەى کرد و گوتى: ئەو ڕۆژەى هەواڵ بڵاو بوویەوە بۆ ڕۆژى داهاتوو تەرمى شەهید بەڕێ دەکرێ بۆ گۆرستان، پێم خۆشبوو وەک هاوشارییەکم و هاوڕێبازم لە پارتى دیموکراتى کوردستان بەشدارى بکەم لە مالئاوایى کردنى ئەم سەرکردە جوامێرە، بۆیە هەمان ڕۆژ لە کارگەى جلوبەرگى ئامادەکراوى سلێمانى مۆڵەتم وەرگرت پێڕانەگەیشتم بچمە مزگەوتەکەى کانێسکان، بۆیە لە فولکەى حەسیب سالح تێکەڵ بەئاپۆڕاى خەڵک بووم کە هەموو چاوبەفرمێسک و دڵتەنگ بوون بەم شەهیدبوونەى ئەم سەرکردەیە و بە ڕێپێوان بەنێو شەقامەکاندا ڕێیشتین تا گەیشتینە فولکەى کاوە دەستکرا بە تەقەکردن لێمان لەدواوە چەند هاواریان لێکردم بگەڕێمەوە گوتم من ئافرەتم دەبێت هاوشانى تەرمەکە بڕۆم تابەردەرگاى مالى خۆیان، بەداخەوە کاتێکم زانى کەوتم و لەهۆش خۆم چووم و فڕیندرام بۆنێوسەیارەیەک و دووركەوتنەوەم لە ڕووداوەکە. پاش ماوەیەک مانەوە لەو مالە ئەو مال و ترس توانیم نەشتەرگەرى بکەم وگوللەکە لەجەستەم دەرهێنن ودواتر دەرفەتم بۆ ڕەخسا بەهۆى خوشکەکەم چووم بۆ بەریتانیا لە ساڵى 1995و هەر لەوێش هاوسەرگیرم کرد و بوومە خاوەنى دوو کوڕ، بەڵام ئەوەى بۆ هەمیشە لەگەڵم مایەوە ناتەندروستى لەشم هۆى ناتەندروستى هەمیشەیم و لە دەستدانى باوک و دایکم و نەگەڕانەوەم بۆ کوردستان هۆکاربوون بۆ ئەوەى لە هیچ میدیایەکدا قسە نەکەم، ئەوەشى جێگاى سەرنجم بوو دەمبینى وێنەکەم زۆر بەکارەدهات لەگەڵ بابەتەکان و تیڤییەکان بەڵام نەمدەزانى بەوەدم و دەستە لە کاتى بریندارییەکەم کێ ئەم وێنەى منى چرکاندووە تا چەند ساڵێک تێپەڕى ئینجا زانیم خۆتان چرکاندووتانە لەگەڵ کاک هۆشیارجاف، بۆمن ئەم وێنەیە سەروەریە کە بە وێستى خۆم لە پێناو ڕێبازەکەم و وەفادارى بۆ شەهیدێکى پارتەکەم هەم بێت و شانازى پێوەبکەم بەڵام ئەوەى کە بۆ هەمیشە دڵگرانم دەکات لە دواى لەدەستدانى باوکم و دایکم ناکۆکى نێومااڵى کورد بەهیوام بەیەک دەنگى و یەک هەڵوێستى هەموواڵ بتوانن سەرکەوتووبن بەسەر قەیرانەکان و ڕێگر بن لە ناکۆکى و دووبەرەکى بە وردبوونەوە لە ڕەنج و کارەساتەکان تا کوردستان بەهێز بکەن.

ئارەزوو عوسمان:

ئەگەر بمانەوێ کەسێکى سەرکەوتوو بین دەبێ خۆمان پڕ زانیارى بکەین

خەبات/ پەریهان عومەر: ئارەزوو عوسمان ڕەشید لەسالى (١٩٨٦) لە شارى سلێمانى لەدایکبووە هاوسەرگیرى کردووە دایکى چوار منداڵە، ڕاهێنەرى پیشەیى لە بەرزکردنەوەى ئاستى کەسى لە بوارەجیاوازەکاندا، ڕاوێژکارى دەروونى لە مالى ڕۆشنا کار لەسەر هۆشیارى تاک ئەکات. لەسالى(٢٠٠١)لە کەنالى کوردستان تیفى دواتر لە فین تى ڤى دواتر لە ڕۆژنامەى خەبات و ئاسۆ چەندین بابەتى نوسیوە واتە هەر لەمنالییەوە بەشدارى کارى هونەرى کردووە دواتر لە تیپى هونەرى مللى ڕوباد لەسالى (١٩٩٩)کارى کردووە.

ئارەزوو عوسمان لە بارەى هۆکارى سەرکەوتنى ئافرەت لە بوارى میدیا ڕایوایە: پێویستە خۆمان پڕ بکەین لە زنیارى بەردوام خومان نوێ بکەینەوە و بڕوامان بەخۆمان هەبێت.

هەروەها لەبارەى ئەو کەسانەى ترسان لەمیدیا هەیە دەڵێ: هۆکارەکەى ترسە لە کۆمەڵگا و قسەى خەڵکى یان ترس لە دەرکەوتن، چونکە کارکردن لە میدیا بەڕەسیارێتیکى گەورەیە. هەندێ لە کامێرا دەترسن چونکە بڕوایان بە خۆیان نییە.

لە بارەى ئەوەى کە کچان خۆیان لە قەرەى ڕاگەیاندن نادەن، یان زۆر بە کەمى بەشدارن پێیوایە: هۆکارەکەى ئەوەیە کاتێک کارى ڕاگەیاندن ئەکەیت ئیتر خەڵک مافى ئەبێت لەسەرت، واتە بەڕپرسیاریەتى ئەکەوێتە سەرشان. دواتر زور بەداخەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو لایک و کۆمێنت کەوتوونەتە ناشرین کردنى کەسانى دیار، بۆیە خەمان ترسیان هەیە لەدەرکەوتن

خاتوو ئارەزوو کۆمەڵێک ڤیدیۆى لە سۆشیاڵ میدیا هەیە و لە بارەى هۆکارى بڵاوبوونەوەى دەڵێت:

چونکە کۆمەڵگەى ئێمە لە ئێستادا پێویستى بەکەسانێکە بە ئەرینى بیربکەنەوە، پێویستە هەموو تاکێک خوى بدۆزیتەوە. وازبێت لە ڕەشبینى بەرامبەر خۆى و کار لەسەر خوى بکات تا متمانە و باوەڕبەخۆبوونى بەهێز بکات.

چەند ڕێنماییەکى گرنگ بۆ ئافرەتى دووگیان

وریشە عومەر- سلێمانى:

ڕۆشنبیرى دایک و چاودێریەکانى کاتى دووگیانى لە لایەن پزیشکى تایبەتەوە، ڕێگەى پاراستن و تەندروست لەدایکبوونى کۆرپەیە و زەمانى تەندروستى دایک و منداڵ دەکات. دکتۆرە گوڵان لە دیمانەیەکى ڕۆژنامەى خەباتدا چەند ڕێنماییەکى گرنگ دەخاتەڕوو.

سەرتا دکتۆرە گوڵان گوتى: ئافرەت لەماوەى دووگیانى بە قۆناغێکى زۆر هەستیار و ناسکدا تێدەپەڕێت، بۆیە پێویستە هەمیشە لەوماوەیەدا لەژێر چاودێرى پزیشکدا بێت و ڕێنماى وەربگرێت، لەگەڵ ئەوەش ئەم چەند خاڵە سەرەکییە پێویستە بەردەوام ئاگاى لێبێت و ڕەچاویان بکات بۆئەوەى سەلامەت بێت و کۆرپەکەى بەسەلامەتى لەدایک بێت.

نابێت بە هیچ شێوەیەک جگەرە بکێشێت، چونکە جگەرەکێشان زیانێکى زۆر دەگەیەنێ بە کۆرپەلە و دەبێتە هۆى کەمى کێشى منداڵ لەبارچوون یان مردنى منداڵ لە سکى دایکیدا.

دواتر دکتۆرە گوتى: وەرزش لەم کاتانەدا زیانى هەیە، ئەگەر دایکەکە پێشتر منداڵى لە بارچووبێت، گوشارى خوێنى بەرزبێت، سکەکەى دووانە بێت، پێشتر منداڵى بووبێت پێش کاتى ئاسایى خۆى، بەڵام هاتوو چۆ لە ناو ماڵدا هەر 2 سەعات جارێک پێویستە بۆ بەرگرتن لە مەینى خوێن لە ناو خوێنهێنەرەکاندا.

دواتر باسى زیانى دەرمانى کرد کە: بەکارنەهێنانى دەرمان بێ ئاگادارى پزیشک، لەبەر ئەوەى زۆر دەرمان لە کاتى دووگیانیدا مەترسى بۆ سەر کۆرپەلە دروست دەکات.

هەروەها ئافرەتى دووگیان پێویستە جل و بەرگى فراوان لەبەر بکات و جل و بەرگى تەسک و پێڵاوى پاژنە بەرز بەکارنەهێنێ، چونکە زیان بە تەندروستى خۆى و کۆرپەکەى ناوسکى دەگەیەنێت.

دکتۆرە گوڵان دەربارەى خەو و پشووى ئافرەتى دووگیانى گوتى: ئافرەتى دووگیان شەوانە بەلایەنى کەمەوە پێویستى بە 8 کاتژمێر خەو هەیە و بە ڕۆژیش پێویستە 2 کاتژمێر بخەوێت یان پشووبدات بەتایبەتى لە کاتى نیوەڕۆیان، لەکاتى پشوودانداا باشتر وایە ئافرەتەکە لەسەر تەنیشتى لاى چەپ پاڵ بکەوێت کە ئەمەش سوڕى خوێنى کۆرپەلە چالاکتر دەکات. هەروەها ئافرەت نابێت کارى قورس بکات و خۆى ماندوو بکات و شتى قورس هەڵبگرێت.



جگە لەمانە ئافرەتى دووگیان پێویستە گرنگى بدات بە پاک و خاوێنى لەش و جل و بەرگ. هەروەها گرنگى دانى تەواو بە پاک و خاوێنى و تەندروستى دەم و ددان، چونکە لە کاتى دووگیانیدا ڕێژەى کلۆربوون و هەوکردنى ددان و خوێن بەڕبوونى پووک بە ڕێژەیەکى زیاتر لە سروشتى ڕووئەدات.

پاشان ئەو پسپۆڕەى لەدایکبوون و منداڵان باسى گرنگى خۆراکى بۆئافرەتى دووگیان کرد و گوتى:

لەماوەى دووگیانى زۆر گرنگ و پێویستە ئافرەت بایەخى زۆر بەجۆرى خۆرک بدات، چونکە خۆراک سەرچاوەى تەندروستیەکى باشە بۆخۆى و کۆرپەکەى.

هەروەها گرنگى کوتان کە دایک و منداڵەکەش لەم نەخۆشییە ترسناکە دەپارێزێ، چونکە منداڵى تووشبوو هیچ چارەسەرێکى نییە و تەنها بە کوتان لە مردن ڕزگار دەکرێت.

لەکۆتاییدا دکتۆر گوڵان گوتى: دایکى دووگیان پێویستە بە شێوەیەکى دەورى سەردانى یەکەى چاودێرى دایکان و منداڵان بکات بەم جۆرە: چوار هەفتە جارێک تاوەکو تەمەنى دووگیانى دەگاتە 32 هەفتە، دوو هەفتە جارێک تاوەکو تەمەنى دووگیانى دەگاتە 36 هەفتە، هەفتەى جارێک تا کاتى منداڵبوون.

ئێکەم ئافرەتە ل دەڤەرا بەهدینان دەستویریا ئوتومبێلێێت بارهەلگر دەرئینای



خەبات/ شیراز جاربۆتی:

هەیفا محەمەد یا تەمەن 35 ساڵى کو ئێکەم ئافرەتە ل سەر ئاستێ پارێزگەها دهوکێ شیاى مولەتا هاژوتنا ترومپێلێت بارهەلگر ب دەستخوڤە بینیت بو خەبات گوت: زێدەبارى کو خێزاندارام و خودیا 3 زاروکانم بەلێ ئەڤە ماوى 6 سالانە من دەستیریا گشتى هەى ئێکەم ئا فرەتم ل دهوکى کارى راهێنەریا شوفێریى دکەم هەتا نها من 2000 ئافرەت فێرى شوفێرى کرینە نەتنى ئافرەتین دهوکى بەلکى لى باژێرێ میسل و بەغدا ژى قەستا من کرى من یت فێرى شوفێریێ کرین بەرى دو حەفتیا بوو ئەس بەژدارى خولەکى بوم ئەوژى یا گریدایى بوکارى من ڤەخولا بارهەلگریى کا کیش ئافرەت دى شیت بارهەلگرێ لێبخوریت. ئەس ئێکەم ئافرەت بوم من سەرکەفتن دەستخوڤەئینای بى کو جارەکى کەسەک بار هەلگریى نیشا من بدەت.

خانووەکانی شەهیدان سیمبوولێکە بۆ شەهیدانی کوردستان

مامۆستا کامەران سلێمان: شانازی دەکەم من وەک نوێنەری ماڵە شەهید (کلیل)ی خانووەکانم وەرگرت



ئامادەکردنی/ یونس حەمەد

بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەوکانی گەلی کوردستان ، شۆڕش وخەبات بە ڕابەرایەتی جەنەرالّ بارزانیی نەمر دەستی پێکرد ، دوای بەردەوامبوون لە شۆڕش ومقاوەمەتدا حکومەتی ئەو کاتی بەغدا ناچارکرا بە دانان بە مافی نەتەوەیی بۆ گەلی کوردستان ئەوەبوو لە ١١ ی ئادار ساڵی **1970** ڕێکەوتنێکی میژوویی نێوان سەرکردایەتی کورد بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی نەمر و دەسەلاّتدارانی بەغدا مۆرکرا ، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ میژووی دەستکەوتەکانی ئەو سەردەم و تائیستاش دەبینین پارتی دیمۆکراتی کوردستان لایەنی شۆڕش وخەباتی گەلی کورد بووە ، بە بڕوابوون بە مافەکانی ژیانی هاوڵاتی بە پلە یەک خەمخۆری بۆ گەل ونیشتیمان دەربڕیوە ،هەمیشە خەباتی شەهیدان وگەل وپێشمەرگەی وەک پرنسیپ لە ئەولەویەتی کارەکانی خۆی داناوە ، بۆ ئەم مەبەستە هەر کات دەست کەوتێک بۆ کورد بەدەست هاتبێت یەکەم جار بیر لە شەهیدو پێشمەرگە کراوەتەوە..

دوای ڕێکەوتنی **11**ی ئادار و لە چوارچێوەی ئەو ڕێکەوتنە و لەسەر بڕیار وڕێنماییەکانی باوکی ڕووحی نەتەوەیی بارزانی نەمر ، خانوو بەسەر ماڵە شەهیدەکان دابەشکرا ، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەک پێکهێنرا بۆ ئەوەی خانووەکان بۆ ئەو ماڵانە دابەش بکرێن کە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا شەهید و قوربان یان بۆ گەل ونیشتیمان داوە .. مامۆستا کامەران سلێمان مەولود یەکێکە لەو بنەماڵانەی کە بەهۆی شەهیدبوونی باوکیان سوودمەندبوون لە وەرگرتنی ئەو خانووانە بۆ ڕۆژنامەی خەبات دوا.

ئەوەی من بەبیرم دێت دوای ساڵێک لە ڕێکەوتنە میژووەکەی ساڵی **1970** واتا ساڵی **1971**؟ بڕیاردرا هەر ماڵە شەهیدێک خانووەیەکی شەهیدانە وەک دیاری شۆڕش وەرگرێت ،بەهۆی خەبات و تێکۆشانی باوکم سلێمان مەولود حەمەد کە لە نێو شۆڕشدا بە (سلێمان ئازووقە) ناسرابوو شەهید بوو وگیانی خۆی کردە قوربانی گەل و نیشتیمان وڕێبازەکەی ئەوەبوو لەو خانووانە سوودمەندوبووین ، سەبارەت بە دابەشکردنی ئەو خانووانە ناوبراو دەڵێ : دەمەو ئێوارەبوو هەموو ئەو ماڵانە کۆکرانەوە کە خانوویان بەسەر دابەش دەکرێت ، من وەک نوێنەری ماڵە شەهیدەکان هەڵبژێردرام کە (کلیلی) خانوو وەربگرم کە لەلایەن خوالێخۆشبوو سەرکردە (فارس باوە) پێشکەشم کراو کەسێک کە سەرپەرشتی ڕێوڕەسمەکەی دەکرد دەستی گرتم وبردمیە بەردەم کاک فارس ، ئەگەر چی بەهۆی ئەوەی ئەوکات تەمەنم بچووک بوو ئەو هەستەم نەبوو کە بۆ چی من هەڵبژێردرام بۆ وەرگرتنی (کلیل)ی خانووە تازەکان ،بەڵام هەستم کرد دڵم پێخۆشە ، چونکە ناوبراو دەستی لە ملم کرد و هەردوو ڕوومەتی ماچ کردم و پێی گووتم تۆ کوڕی شەهید سلێمان ئازووقەی ، ئەوەی لەبیرم بێت لەو ڕێوڕەسمەدا چوار جار ناوی باوکم (سلێمان ئازووقە) وەک شەهید خوێنرایەوە ،کەئەمەش بۆ خۆم وەک تاک وبۆ ماڵەوەش وەک بنەماڵە جێگای شانازی و ڕێزە ، لەدرێژەی ئاخافتنەکەیدا مامۆستا کامەران سلێمان کوڕی شەهید بەمشێوەیە باسی لەو خانووانە کرد ،کە پێکهاتبوو لە دوو ژوور و دەست شۆر و ژووری چێشت لێنان ، سەرەتا هەندێک کەم وکوڕی لە ڕووی خزمەتگووزاری هەبوو ، بەڵام دواتر بە ماوەیەکی کەم خزمەتگووزارییەکان تەواوکران هەروەها وەک هێما وسیمبوولی کورد هەر ماڵێک وێنەی (خەنجەر) لەبەردەم دەرگا وسەرەوەی خانوەکاندا هەڵواسرابوو وەک نیشانە، ئەو خانووانە ببووە ڕەمزێک بۆ کوردایەتی وزۆر کەس دەهاتنە ئەو گەڕەکە تەنیا بۆ دیتن و سەیرکردنی ،چونکە کوردایەتی ئەو سەردەم پڕ بوو لە خۆشەویستی کە بارزانی نەمر سەرکردایەتی دەکرد .. دوای ئەوەی ڕێزم لە ڕێکەوتنی **11**ی ئادار پاشگەز بۆوە ، ئەوەبوو زۆر کێشەمان بۆ دروستکرا لەلایەن پیاوانی ڕژێم و جاشەکاندا ، لە بیرمە چەند جارێک بۆ چاو ترساندن دەست ڕێژی تەقەیان بەسەر ماڵمان دا دەباراند ، بۆ ئەوەی ترس لە ناو ماڵە شەهیدان بڵاوبکەنەوە ، لەو کاتانەدا هەستمان کرد ئیتر ناتوانین لەو شوێنە ژیانی ڕۆژانەمان بەسەر ببەین ، دوای چەند ڕۆژێک لە ترسی ڕژێم خۆمان حەشاردا ، دوایی برایە گەورەکەم خالید سلێمان ئازووقە کە ئەو کات (دەمانچەیەک) ی هەبوو لەگەڵ چەند گەنجێک خۆیان لەبەر چاوان وون کرد ودواتر خۆیان گەیاندە ناوچە ئازادکراوەکان وبوون بە پێشمەرگەی شۆڕش کە بەرپرسەکەیان خوالێخۆشبوو فارس باوە بوو .. مامۆستا کامەران باس لە ژیانە سەختەکانی ئەو سەردەم دەکات کە چۆن لە گەڕەکی شەهیدانی هەولێرجێهێشتیان ، هەر کە برایەکەم چەکی کوردایەتی کردە سەر شان دایکم (ئامینە پیرداود) دەستی بەجموجۆڵی ڕێکخستنی ناو شار دەست پێکرد ، هەوالّ وچالاکییەکانی ناو شاری دەگواستەوە ناو شۆڕش ، ڕۆژێکیان کەسێکی سەر بەڕژێم ڕاستەوخۆ بە دایکمی گووتبوو کە تۆ ناوت لە (ئەمنیەت وئیستیخباراتی ڕژێم هەیە)تا دەکرێت زوو خۆت دەرباز بکە ، ئەوەبوو دایکم نەهاتە ماڵەوە هەواڵی بۆ ناردین کە ئێمەش هەر چۆنێک بێت خۆمان دەرباز بکەین ئەوەبوو لەماڵێکدا بە ناوی (سەعیدە ڕەش)لە گەڕەکی سەیداوە بۆ چەند ڕۆژێک خۆمان حەشاردا ،تا دەرفەت ڕەخسا هەموو پێکەوە پەیوەندیمان بە شۆڕش کرد .. دواجار مامۆستا کامەران ئاماژە بەو گەڕەکە دەکات واتا گەڕەکی شەهیدان کە زۆرجار بە گەڕەکی شەهیدانی سێتاقان دەناسرا ، هەموو خانووەکان لەیەک نەخشە دروستکرابوون **120**مەتر دووجا ، شوێنێکی گرینگ وستراتیژی بوو لە ناو جەرگەی شاری هەولێر دروستکرابوو ، ئەوکات وئێستاش بە وەرگرتنی ئەو خانووە دڵخۆشبووین ،چونکە خەڵاتی باوکی ڕووحی نەتەوەیی بارزانی نەمر بۆ ماڵە شەهیدەکان هەمیشە جێگای ڕێزە .



تابلۆی خەنجەر لەسەر خانووەکانی شەهیدان وەکو سومبولێکی شۆڕشی ئەیلوول لە هەولێر گەڕەکی شەهیدان (لە سێتاقان)

با ناکۆکیەکان وەلانێن نەخشە ڕێگایەک بدۆزینەوە



شوکر محەمەد هەرکی/ باسرمە


کوردستان بەهەلومەرجێکی دژواردا دەگوزرێت ، تەشەنەکردنی ئەم کەشە لەبەرژەوەندی گەلی کوردو دۆزەرەوایەکەی نییە ، هەموو دەستکەوتەکان کەچەندین ساڵە خەباتی بۆکراوەو دەریایەک خوێنی لەپێناوی دا ڕژاوە بەئاسانی نەهاتۆتەدی لەزامن کردنی فدرالیەتی هەرێم لەچوارچێوەی دەستووردا بەڵکو ماناو پێناسی خۆی هەیە چ لەئاستی نیوخۆی چ لەئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و هەروەها لە ناوچەکەشدا حیساب بۆکراوە.

بۆیە ناکرێت هەموو ئەم پیرۆزیانە بەئاسانی بیان خەینە ژێر پرسیارەوە لەلایەن ئەم و ئەو ، کەوابوو لەتەک ئەم ڤایرۆسەدرمە کە کاری گەری ڕاستەوخۆی کردۆتەسەر کوردستان و جیهان بەگشتی ، و زەرەرو زیانێش هێناوەتە گۆڕێ لەئاستی تەندروستی و کۆمەلایەتی و ئابووری و تەنانەت پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیش گرتۆتەوە. دابەزینی نرخی نەوتیش هاوشانی ئەم ڤایرۆسە بەهەمان ئاست هەلومەرجێکی ناسەقام گیری خولقاندوە لەتەواوی گۆی زەویدا ، ڕاستەوخۆ کاریگەریەکانی بەدەرکەوتن بەتایبەتی ئەوڵاتانەی پشت ئەبەستن بەسەرچاوەی داهات و فرۆشی نەوت. هەڵبەت عیراق و کوردستانیش لەم قەیرانە ئابوورییە لێی بەدەرنیە ، بۆیە دور نازڕێن هەموو ئەمانە ی ئاڵوزیەکانی عیراقیش بووینەتە بەربەستی گەورە لەبەردەم پێشڤەچوناکانی کوردستاندا، ڕاستیەکی حاشا هەلنەگرە ، کە لە چەند لایەکەکەوە؟! دیسان لەمپەر و بەربەست دەخرێنە بەردەم ئەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەدەیەوێ بپرژێتە سەر نوێ کاری زیاترو پێداگری زیاتر لەسەر عدالەت و گەشەی کۆمەلایەتی و چاکسازی لەهەموکەرت و سێکتەرەکانی حکومەتدا ، بۆچەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و بەستماتیک کردنی دامەزراوەکانی هەرێم بەهەموو پێکهاتەی ئیداری و ئابووریەکانیەوە و هەیکەلیەتێکی نوێ و پاراو بۆ حکومڕانی پاراو و فەراهەم بکات. لێ ئەمرۆ دەبینین لەگەڵ تەشەنەکردنی ئەم قەیرانانەی کەچاوەڕوان نەکرابوون ڕوویان کردە هەرێمی کوردستان ، دەبینین لێرەولەوێ هەندێ لایەنی سیاسی خەریکە خۆدەزنەوە لەبەرپرسیاریەتی دۆخەکە ، کەچی لەپشکداری ئەم کابینەیە هەموان تیادا بەشدارن بەڵام لای ئەوان نەبایدێ نەباران. ئێستا لەکوردستان دۆخێکی ناهەمورا خولقاوە و کاریگەریی کردۆتەسەر هاوڵاتیانی کوردستان و خودی حکوومەت. هەروەها بەتایبەتی شەڕی ڕاگەیاندنەی کەهەیە هاوڵاتیانی هەراسان کردۆوە، وا دیسان دەبینین دەست دەبڕێت بۆ شکۆ و پیرۆزییەکانی نیشتمان و هەرزان و هەراج کردنی، کە مخابن جێگای داخە!. تەشهیرو ناوزڕاندن و دورکەوتنەوە لەیەکتر و قوڵکردنەوەی ناکۆکیەکان، خەریکە ئاگرەکە پەرە ئەسەنێ و گڕەکە بەرفراوانتر دەبێت، نازانن کەهاوڵاتی لەژیانێکی چەرمەسەریدا دەژیت و بێ تاقەت بووە، کەچی هەندێک لایەنی سیاسی بەدەوری ئاگرەکەدا دەگەڕێن، کەوابو ئامانج لەمەچییە؟، لەکاتێکدا هەموو لایەک دەزانێ کە گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم چ نەهامەتییەکی بەدوادایە و چ دەستکەوتێک لەدەست دەدرێ؟!. بۆیە با بەسبێ ئەم هەڵوێستە نانیشتیمانییە.

بێشک ئاریشەکان زۆنن و ناکۆکیەکانیش زۆنن لێ ئێستا کاتی ناکۆکی و موزایەدە و یەک و دوو نییە ئەمە نیە با پێکەوە بەجیاوازیەکانەوە دەستی یەکدی بگرین و بەیەکەوە هەوڵەکانی چڕ بکەینە بۆ دۆزینەوەی نەخشە ڕێگایەک کە کوردستان لەم دۆخە چەق بەستوە ڕزگاری بێت ، هەرچی هێز و توانا هەیەبخرێتە گەڕ بۆپاڵپشتی کردنی ئەم کابینەیە لەژێر چەترێکی کوردستانی مشوراتی حالی کوردستان و هاوڵاتیانی بکەین ، چونکە گۆڕانکاریەکان خێران لەناوچەکەدا، ئێستا عێراق وا جارێکی دیکە لەڕێکەوتێکی نوێدایە لەگەڵ ئەمریکا ، با بەیەکەوە ئێمەش بتوانی شوێن پەنجەی خۆمان لەم ڕێکەوتنەدا فەراهەم بکەین، هەروەها با هەموومان بەیەکەوە بزانین چۆن بتوانین زاڵبین بەسەر ئەم قەیرانە ئابوورییەی ڕووی لەهەرێمی کوردستان کردووە، ئەم دۆخەپیویسی بەپلانێکی دەست بەجێ هەیە ، ئارام کردنەوەی شەقام و دانوساندن و ڕێکەوتن و سازان لەنێوان لایەنە سیاسییەکان ئەرکێکی هەنووکەییە. ئینجا بەیەکەوە هەوڵدەین کە مافە دەستووری و هەرێمییەکانی کوردستان چەند و چۆن لە نێو ڕێککەوتنەکەدا بچەسپێنین. لەم سۆنگەیەوە پێویستە هەموومان یەک دەنگ و یەکدەست نەخشەڕێگایەک فەراهەم بکەین کە ببێتە مایەی دەستەبەرکردن و چەسپاندنی مافە ڕەواو و دەستوورییەکانمان لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی ئەقلیمی.

بۆیە پێویستە هەنگاوەکان دەست پێ بکەین و باشترین ڕێگە چارە دانیشتن و گفتگۆ و لێکتێگەیشتنە، لەپێناو تێپەڕاندنی ئەم دۆخە نالەبارە و دابین کردنی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان و فەراهەم کردنی ژیانێکی خۆش و ئاسوودە بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان.





مافپەروەر: جەواد مستەفا ستۆپەیی

کیانێ سیاسیێ هەرێمێ د مەترسیێ دایە!!

ناتەباییا حزبێت سیاسی و هەوڵدان بۆ تەسفیە حسابا ناکوکییێت ناش خۆیی وهەوڵدان بۆ برنا ڤان ناکوکیا بۆ بەغدا و ڤەگواستنا خەباتا سیاسی و چەکداریا پەکەکەی بو ناش خاکا هەرێما کوردستانێ، ئەڤە هەمی زەنگێت مەترسیدارن ل سەر ئایندێ هەرێمێ و خزمەت ب دوزا ڕەوایا کوردستانێ ناکەت، بەلکی بڤێ ئەگەرێ کیانێ سیاسیێ هەرێمێ دکەڤیتە مەترسییدا. ژ ئالیکی دیڤە پشتەڤانی کرنا پەکەکێ ژلایێ هندەک لایەنافە و بلّند کرنا ئالاو وێنەییێن ئوجەلانی ل هندەک شارو دەڤەرێن کوردستانێ، ڕێ خوشکەرن بو هێرشێن تورکیا و بهانێ ددەنە دەستوان کو ئوپەراسیۆنێت زەمینی و ئاسمانی بکەتە سەر خەلکێ گوندنشینێت هەرێمێ و کوشتنا هەڤولاتیان و سوتنا ڕەزو باغێت وان و چولکرنا خەلکێ دەڤەرێت سنووری بگشی. ژ ڕوویێ یاساییەڤە ئەڤ کارە هەمی پێچەوانەی بنەماییێت یاسا گشتیا نێڤدەوڵەتینە. ژبەرکو هێشتا ئەم بەشەکین ل دەوڵەتا عێراقێ، پێتڤیە حکومەتا فیدرالی بتوندی بێتە سەرخەت و هەلوێستەکێ ڕوون لدور ڤان کریارا وەرگریت و کاربکەت بو نەهێلانا ڤان دەست درێژی و سنوور بەزاندنێت هەرگاف. هەروەها هەر ئوپەراسیونەکا زەمینی یان ئاسمانی ئەو بکەنە سەر هەرێمێ، ژ ئالیێ یاساییڤە قەرەبوویا مادی و گیانی و مەعنەوی دکەڤیتە سەرحکومەتا تورکیا. هەروەسا هەر ڕێکەفتننامەکا ئابووری و بازرگانی ل ناڤبەرا هەرێمێ و حکومەتا تورکیا بهێتە کرن، پێتڤییە مەرجێن ئاسایشێ بو هەردوو لایەنا ل ناڤ ڕێکەفتننامێدا بێتە جێگیرکرن و مافێ خەلکێ هەرێمێ بێتەلبەرچاڤ گرتن، چونکی هیچ پەیوەندییەکا ئابووری و بازرگانی و بەرهەم ئینانێ یانێڤ دەولەتی بێی بەرقەرار کرنا ئاسایشێ بو هەردوولایەنا ، یا پێشکەفتی و سەرکەفتی نابیت. ئەڤرۆ هەلوێست وەرگرتنا لایەنێت کوردستانی و حکومەتا هەرێمێ زۆر گرنگە، بو ڤان ئاریشیت د ڕویددەن و کارەستبارن. پێتڤییە ل بیرا مەبیت وەختێ ل نیڤا سالیێت نەوەتا، هەلوێستێ نیشتمان پەریبا سەروک بارزانی بوو ئەگەرآ هندێ کو ئەڤ دەولەتا مەزنا تورکیا گوڕانکارییەکا سەرکی ل سیاسەتا خودا بکەت و سیاسەتا عەسکەرتاری و گەف و گوڕا، بگوڕیت بۆ سیاسەتا دروستکرنا پەیوەندییێت ئابووری و بازرگانی و سیاسی، ژوان گرێدانا گرێبەستێن ئابووریێت درێژخایەن و هاتنا ڕێژەیەکا زۆرا کومپانیایێت تورکی بۆ ئەنجامدانا بەرهەم ئینانێ ل کوردستانێ. هەمی سەرکەفتنەک و پێشڤە چوونەکا ئابووری و بازرگانی و سیاسی و...تاد، ڤەدگەرییتەڤە بۆ یەک هەلوێستی و یەکگرتنا لایەنێت ناڤخوێت کوردستانێ، بەلێ زۆر جێ داخێیە ئەڤرۆ لایەنێت کوردستانێ ژ هەمی وەختا ناکۆک ترن، ڕوژ بروژ مەترسییێت مەزنتر ل سەر بارودوخێ کوردستانێ زێدە دبن. هەروەکی مەدیتی ل وەختێ بانگەشا ریفراندۆمێ هەمان ناکوکییێت وەکی ڤێ گاڤێ هەبوون، تا سەر کێشایە رویدانا **16**ی ئوکتوبەرێ. ئەگەر ئەڤرۆ ئەڤ ناکۆکییە هەر دبەردەوامبن و ڕەوشا ئالوزا هەرێمێ و بەرژەوەندییێت گشتی ل بەرچاڤ نەهێنەگرتن، دێبێتە ئەگەرێ هەرێشەکا مەزن لسەر کیانێ سیاسیێ هەرێما کوردستانێ و پاشی پەشیمانی فایدەی ناکەت. ئەگەر هەمی حزبێت کوردستانێ ل پەیرەو پرۆگرامیت خودا راست بکەن و بەرژەوەندیا کوردستانێ ل سەرڤەی هەمی بەرژەوەندییێت دی بن، دەبێت هەمی ناکوکییەکا بدەنە لایەکی و ڕەوشا کوردستانێ لبەرچاڤ بگرن و ئێک دەنگ و ئێک ڕەنگ و ئێک هەلوێستبن.

ئاگاداری

من رۆژنامەنووس دلۆڤان عیادەددین، بە نیازین وێبسایتێکی هەواڵی تایبەت بەناوی (رێ) دابمەزرێنین، کە خاوەنی بارەگای خۆی دەبێت لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و بە زمانە جیاوازەکانی، کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە لە داهاتووش پرۆژەکە فراوانتر دەبێت. خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەریش خۆم (دلۆڤان عیادەددین) دەبێت.

دلۆڤان عیادەددین

بۆ هەر سەرنج و تێبینییەک، پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکەن:(٠٧٥٠٨٦٠٠٠٩٠)

* * *

وون بوون

ناسنامەی خانەنشینی ئاسایش لەگەل جزدانێک ٤٤ وەرەقە لەگەل نەوەت هەزار دینار بەناوی هیرش جبار سلیمان وون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزییەوە پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکات ٠٧٥٠١٠٢٠٣٠٢.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای سید نهرو سید محمد جۆری ئۆتۆمبێل نیسان سنترا ڕەنگ سپی مۆدێل ٢٠٢٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٥٨٧ کاتی دهوك ژمارەی شاصی: MNTBBV9XL٦٠٦٩٥٠٧ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای مناف حسێن حسن جۆری ئۆتۆمبێل نیسان سنترا ٤ پستۆن ئۆتۆماتیك صالۆن ڕەنگ سلفەر مۆدێل ٢٠١٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٢٤٦٢ کاتی هەولێر ژمارەی شاصی: MNTBBV9A92J٦٠٥٣٤٤٤ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە/ ٢٥٠٣
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/٢٢
ئاگاداری کەمگری نهێنی
ژمارە (٢٠٢٠/١)

وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی کەمگری (نهێنی) بۆ بەمەبەستی گواستنەوەی بڕی دیاریکراوی نەوتی ڕەش لە پاڵاوتگەی کەلەك لە پارێزگای هەولێر بۆ وێستگەی کارەبای باعەدرێ لە پارێزگای دهۆك بەپێی یاسا ڕادەگەێنێت جا هەرکۆمپانیایەك کە ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمگری یە باسەردانی دیوانی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات بۆ کڕینی تەندەر دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان رۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٢ کاتژمێر (١١) پێش نیوەڕۆ بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو مۆلەتی کۆمپانیای لە هەرێم پێشکەش بکات.

٢- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پۆڵینی بەڵێندەرایەتی پلە یەك بێت یاخود مۆلەتی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان یان بازرگانی گشتی هەبێت.

٣- کۆمپانیا پێویستە بەڵگەی تایبەت بەکاری هاوشێوە لەبواری سووتەمەنی پێشکەش بکات.

٤- کۆمپانیا پێویستە پشتگیری باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠٢٠ پێشکەش بکات.

٥- کردنەوەی تەندەر لە دیوانی وەزارەت دەبێت.

٦- نرخی تەندەر (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عیراقی یە کە گەرانەوەی بۆ نییە.

٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٨- خەرجییەکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کەمگری یەکەی بۆ دەردەچێت.

ل. وەزیری سامانە سروشتیەکان بەوەکالەت

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٦/٢٢

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای أورا اربیل) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێستا داندراوە لە (گ/ شۆرش) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە تۆمار داواکاری یان بازرگانی ئەو کەمگری یەکەی بۆ دەردەچێت.

ل. وەزیری سامانە سروشتیەکان بەوەکالەت

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٦/٢٢

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای أورا اربیل) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێستا داندراوە لە (گ/ شۆرش) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی پاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- لێکدان و دووڕین و دروستکردنی ماسك بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢. بۆردی کارەبا

٢- دروست کردن و لێدانی لاستیك بەندی ماسك بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢. بۆردی کارەبا

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٣٤٠٣
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٦/٢٣
جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٥/٤١٨٠ کە کەوتوەتە کەرتی ٩٣ حصارۆك دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار علی دلشاد اکرام کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی ود خالد محمد بەبڕی/ ٨٨,٨٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بلاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرێارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزە

١ – شوێن و ژمارەی/ ٥/٤١٨٠ ك ٩٣ حصارۆك

٢ – ڕەگەزو جۆری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٣ – سنوورو ئاگاداری/

٤ – پێکهاتەکەی/ لە دوو خانوو پێك دێت لە یەك ژوور و حمام و مرافق و مطبخ لە خوارەوە دوو ژوور و حمام و مرافق لەسەرەوە دروستکراوە لە بلۆك کۆنکریت

٥ – ڕووبەرەکەی/٢٥٠ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ کرێچی تێیدایە داوای مانەوەی نەکرد

٨ – نرخی قرساو/ ٩٠,٠٠٠,٠٠٠ نۆهەد ملیۆن دینار.

* * *

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٦٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٦٩) ك (٤٠) مامەجلکە بەمەبەستی دروست کردنی چێشتخانە بۆ ماوەی (١٥) ساڵی بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان
و خانووبەرەی میری

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٦٧/ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٣
جاردان

بۆ داوالێکراوان/ ١- محمد جاسم مطر/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (العمرانیة) ٢- زانا نیازی طاهر شوێنی نیشتەجێبوون نادیار. داواکار (عبدالخالق عبدالله علی) داوای ژمارە ٦٧/ب/٢٠٢٠ دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی بەختیاری و عنکاوە) لە عەنکاوە لەبەر ئەوە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٧/٩ کاتژمێر ٩ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

ئاگاداری

ئاگاداری هاوواڵتیان دەکەینەوە تایبەت بە بەکرێدانی موتێل و کافتریای گەشتیاری لە شارۆچکەی شەقڵاوە کە دەکەوێتەوە سەر پارچە زەوی ژمارە ٤/٣٤ کەرتی ١٦ی شەقڵاوە لەسەر ڕووبەری ١٧٣٠م٢ بەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی نەخشەی پەسەندکراو هەرکەسێك نیازی بەشداریکردنی هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری شەقڵاوە بکات.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی
گەشتوگوزاری هەولێر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/١٤٠٦
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٦/٢٣
جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٥٩/٢٨١ك ٤٥ وارش کەوتوتە هەولێر/ سەیداوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی پشکی قەرزار (خورشید حمید محمد) کە گلدانەوەی خراوەتە سەر لەجیاتی قەرزی (کامران دلشاد علی) بەبڕی ١٨٠,٢٥٧,٧٥٠ دینار هەرکەسێ ئارەزوومەندە لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بلاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرێارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزە

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٣٥٩/٢٨١ ك ٤٥ وارش

٢ – ڕەگەزو جۆری/ خانوو وە پێکها تە کە ی

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەروەك چۆن دیاری کراوە لە نەخشە.

٤ – پێکهاتەکەی/ ٣ ژووری نووستن لەسەرەوە دوو ژوور لە خوارەوە، مطبخ، حمام، توالێت.

٥ – ڕووبەرەکەی/٦٩٣م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/ ناوەندی

٧- نیشتەجێکەی/ نیشتەجێبە

٨ – نرخی قرساو/ ١٨٠,٢٥٧,٧٥٠ ملیۆن دینار.



www.xebat.net
چوارشەممە 2020/6/24 ژمارە (5960)

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕەوشی مرۆیی کەمپی هۆڵ نیگەرانە



نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی قوڵی خۆی دەربڕی لە ڕەوشی مرۆیی نزیکەی ئەو 58هەزار مندااڵەی کە خەڵکی زیاتر لە 60 وڵاتی جیاوازن و لە کەمپە هەرە قەرەباڵغەکانی باکووری ڕۆژئاوای سووریا دەستبەسەر کراون، کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، میشێل باچلێت دەڵێت: هەرچەند بە شێوەیەکی فەرمی هاووڵاتیانی وڵاتانی سێیەم دەستنیشان بەسەردا نەگیرابێت، وێژای ئەنجامنەدانی هیچ تاوانێکیش لە سووریا کەچی ناهێڵدرێت کەمپەکان جێ بهێڵن.

نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی قوڵی خۆی دەربڕی لە ڕەوشی مرۆیی نزیکەی ئەو 58هەزار مندااڵەی کە خەڵکی زیاتر لە 60وڵاتی جیاوازن و لە کەمپە هەرە قەرەباڵغەکانی باکووری ڕۆژئاوای سووریا دەستبەسەر کراون.

کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، میشێل باچلێت ڕایگەیاند مافی مرۆڤ لەو کەمپانەدا پێشێل دەکرێت

میشێل باچلێت نیگەرانی قوڵی خۆی لە ڕەوشی مرۆیی هاووڵاتیانی وڵاتانی سێیەم دەربڕیووە کە لەو کەمپە هەرە قەرەباڵغانە ئەو کەسانەی دەستبەسەرکراون و زۆربەیان ژن و منداڵن. کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە تیشک خستنە سەر ئەوەی کە هاوکارییە مرۆییەکانی وڵاتان سنووردار کراوە و بەهۆی مەترسی باڵاووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ پێویستە ئەو دەمێننەوە کە زیاتر لە هەشت هەزار مندااڵیان هاووڵاتی عێراق و سووریا نین و هاووڵاتیی وڵاتانی سێیەمن. میشێل باچلێت بە ئاماژەدان بەوەی کە جگە لە نزیکەی 90هەزار کەس کە دەگوترێت عێراقی و سووڕین، هەروەها هاووڵاتیانی وڵاتانی سێیەمیشی لە کەمپەکانی هۆڵ و ڕۆژ دەستبەسەر کردوون و نووسیوویەتی: ئەوان مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە و مافە یاساییەکانیان ڕەچاو ناکرێت. هەرچەند بەشێوەیەکی فەرمی هاووڵاتیانی وڵاتانی سێیەم دەستنیشان بەسەردا نەگیرابێت، وێژای ئەنجام نەدانی هیچ تاوانێکیش لە سووریا کەچی ناهێڵدرێت کەمپەکان جێ بهێڵن.

کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، میشێل باچلێت دەڵێت: دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ داکۆکیکردن لە مافەکان ئەو هاووڵاتییە عێراقی و سووریانەی لە کەمپەکاندا گیرۆدەبوون هەموو جۆرە هەوڵێک بدەن.

سۆماڵ..

ڕێگریکردن لە پەلامارێکی خۆکوژی



لە کۆتا ساتدا پەلامارێکی خۆکوژی ڕێگری لێکرا کە کەمپێکی سەربازی مەشق و ڕاهێنانی تورکیای لە شاری مۆگادیشۆی پایتەخت کردبووە ئامانج. لەو بارەیەوە باڵێوزی تورکیا لە مۆگادیشۆ، محەمەد یلماز ڕایگەیاند کە لە میانی هەڵبژاردنی خوێندکارانی کەمپی سەربازی مەشق و ڕاهێنانی تورک-سۆماڵ هەست بە هەوڵێکی خۆکوژی کراوە و ڕاستەوخۆ تەقە لە پەلامارەرەکە کراوە.

یلماز گوتی: بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی پێمان گەیشتوون، پەلامارەرەکە لە قەرەباڵغی بەردەم کەمپەکە هاتووەتە دەرەوە و هەوڵیداوە بچێتە ناو کەمپەکەوە، کاتێک پەلامارەرەکە هۆشداریەکانی سەربازە سۆماڵییەکانی پشتگوێ خستووە لەلایەن سەربازەکانەوە تەقەی لێکراوە و لەو کاتەدا پشتێنەی بۆمبۆێژکراوی خۆکوژەکە تەقیوەتەوە، بەوهۆیەوە هاووڵاتییەکی مەدەنی گیانی لەدەستداوە. تا ئێستاش هیچ لایەنێک بەرپرسیاریەتی خۆی لە پەلامارەکە ڕانەگەیاندووە.

ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ چەند پرۆژە یاسایەکی دژ بە ئیسرائیل پەسەند کرد



ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو پرۆژە یاسایانەی پەسەند کرد کە لە بەرژەوەندی فەڵەستین پێشکەشکراون و لەنێوبشیاندا پرۆژەیاسای دژبە پیلانی «یەکەی جوولەکە نشینە نایاساییەکانی ئیسرائیل لەسەر خاکی داگیرکراوی فەڵەستین».

لە میانی 43هەمین دانیشتنی ئەنجوومەنەکەدا کە لە شاری جنێڤ لە سویسرا بەڕێوەچوو، 13پرۆژەیاسا پەسەندکران.

لە ئەنجوومەنەکەدا پرۆژە یاسایەک گفتوگۆی لەسەر کرا کە بەناوی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی لەلایەن پاکستانەوە پێشکەشکرابوو و تیایدا پلانی «یەکەی جوولەکە نشینە نایاساییەکانی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەڵەستین، بە خۆرهەڵاتی قودسیشەوە» ڕەت دەکاتەوە .دوای گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاساکە لە ئەنجوومەنەکەدا کە 47 ئەندامی هەیە دەنگدان لەسەری دەستی پێ کرد.

پرۆژە یاساکە کە لە دژی ئیسرائیل بوو نۆ ئەندام دەنگیان پێ نەدا، دوو ئەندام لە دژی دەنگیاندا و 36 ئەندامی دیکە لە بەرژەوەندنی پرۆژەکە دەنگیاندا و پەسەند کرا. بەپێی ئەوەیش کۆمیسەری باڵای مافەکانی مرۆڤ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتێک سەبارەت بە پلانی ئیسرائیل ئامادە دەکات و پێشکەش بە 46هەمین دانیشتنی ئەنجوومەنەکەی دەکات.

هەروەها پرۆژەیاسای «مافی گەلی فەڵەستین چارەنووسی خۆی» کە هەر بە ناوی بەناوی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی لەلایەن پاکستانەوە پێشکەشکرابوو دوو ئەندام دەنگیان پێ نەدا، دوو ئەندام لە دژی دەنگیاندا و 43 ئەندامی دیکە لە بەرژەوەندنی پرۆژەکە دەنگیاندا و پەسەند کرا. پرۆژە یاسایەکی دیکە کە هەر پاکستان پێشکەشی کردبوو سەبارەت بە «ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە خاکی فەڵەستینی داگیرکراو، بە خۆرهەڵاتی قودسیشەوە» بە 42 دەنگ پەسەندکرا کە دوو ئەندام دەنگیان پێ نەدا و سێ ئەندامیش لە دژی دەنگیاندا.

دوایین پرۆژەیاسایش سەبارەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە بەرزاییەکانی جۆلان بوو، ئەویش بە 26دەنگ پەسەند کرا کە چوار ئەندام دەنگیان پێ نەدا و 17 ئەندامیش لە دژی دەنگیان دا.

هەروەها پرۆژە یاسایەک کە لەلایەن تورکیا، قەتەر، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا، ئوردن، کوێت، مەغریب و هۆڵەندا وە پێشکەش کرابوو سەبارەت بە «ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە سووریا» بە 27دەنگی بەڵێ بەرامبەر دوو دەنگی نەخێر و 18ئەندام کە دەنگیان پێ نەدا پەسەند کرا.

هاوکات پرۆژە یاسایەک کە بورکینافاسۆ بە ناوی وڵاتانی ئەفریقاوە پێشکەشی کردبوو سەبارەت بە پێشخستنی مافەکانی مرۆڤ لە لیبیا و لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ساڵی 2016دەوە تا ئێستا لەو وڵاتە، بەبێ خستنە دەنگدانەوە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا.

لە مەکسیک ناکۆکی نێوان دوو گرووپ، کۆژرانی 15 کەسی لێکەوتەوە



لە ویلایەتی واهاکا باشووری مەکسیک، ناکۆکی نێوان دوو گرووپ لەسەر پرۆژەیەکی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەوێگەی وزەی تونەدباوە کە ماوەیەکی زۆرە بەردەوامە، تووندوتیژی لێکەوتەوە و بەهۆیەوە 15کەس کۆژران کە دووانیان ژنن.

بەرپرسانی ویلایەتەکە، ئاماژەیان بەوە کرد کە ڕووداوەکە لە ناوچەی سین ماتیۆ دێل مار ڕوویداوە و خەڵکی ناوچەکە کە دژی پرۆژەکە بوون لەلایەن گرووپێکەوە ڕووبەڕووی هێرش بوونەتەوە و لە ئەنجامدا، 15کەس کە دووانیان ژنن کۆژراون.

ئەو گرووپەی دژی پرۆژەکەیە کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەکەن باسی لەوە کرد کە پشتیوانانی سەرۆکی شارەوانی لە خاڵێکی پشکنیندا کە بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێوە دروستیان کردووە تەقەیان لێکردوون و ژمارەیەکی زۆریان بریندارکردووە.

دوا بە دوای ڕووداوەکە، چوار چاودێری پۆلیس و 119کارمەندی ئاسایش ڕەوانەی ناوچەکە کراون و ناکۆکی ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٢ کە لە کەناراوەکانی ناوچەی شاری کیی کە ویسترا پرۆژەی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی تونەدبا دابەزرێنرێت لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە وەستێندرا، خەڵکی ناوچەکە باس لەوە دەکەن کە پرۆژەکە کاریگەری دەکاتە سەر چالاکییەکانی کشتوکاڵ، بەخێوکردنی ماسی و شوێنەوارە میژوویەکان.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1529:
بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆیی لە سویسرا ، رێککەوتنێکی ئاشتی مۆر کرا.



سالی 1910:
هێزە سەربازیەکانی ژاپۆن خاکی نیمچەدوورگەی کۆریایان داگیر کرد.



سالی 1926:
لە ئسپانیا کودەتایەکی سەرنەکەوتوو لە دژی دەسەلاتی بریمۆ دی ریڤیرای دکتاتۆر رووبدا.



سالی 1992:
پارتی کاری ئیسرائیلی بۆ جاری دووەم گەڕایەوە دەسەلات.



سالی 2016:
خەڵکی بەریتانیا دەنگیان بۆ چوونەدەرەوەی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئەوروپا دا.



سالی 2018:
حکومەتی سعودیە رێگەی بە ئافرەتان دا کە شوفێریی بکەن.

رێگەی ئاوریشم و رێگەی کۆرۆنا

غەسان شربل

پێشتر گوێمان لەو دەستەواژەیە بووە.((جیهان دوای ئەو رێکەوتە وەکو پێشووی خۆی نابێت)). کەسیش نەیگووتووە ئەو دەستەواژەیە درۆیە، کاتێک لە دوای رووداوێکی ریزیەڕ بەکار دەهێندرێت. بەڵام تێبیدا هەستمان بە کەمێک زیادەڕەوی دەکرد، نەخاسمە جیهان بەرخودانێکی توندی دەکرد و دەستی بە پێوەر، دابە و نەریت و شێوازی ژیانی خۆیەوە دەگرت. گوێمان لەو دەستەواژەیە بوو، کاتێک رێککراوی ئەلقاعیدە، لە 11 ئەیلولی 2001?بریاریدا جەنگ بۆ سەر خاکی ئەمریکا بگوازێتەوە و سیمبولەکانی هێز و سەرکەوتن بکاتە ئامانج. رووداوەکە زۆر ترسناک بوو، چونکە ئەمریکای زامدار دەستی بە هەڵمەتێکی تۆڵەسەندنەوە کرد، کە ئەفغانستان و عێراقی گرتەوە، ڕەوشی عێراق بووە هۆی گۆڕانی هاوسەنگییەکانی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام هەرچەندە قەبارەی رووداوەکە زۆر گەورە بوو، کەچی هەستمان بەوە نەکرد، ئێمە لە جیهانێکی دیکە داین و ناچار بووینە، شێوازی ژیانی خۆمان بگۆڕین. نیویۆرک لە نێو تەپوتۆزی دوو تاوەرەکە هەڵسایەوە. گوزارشتی لە تووڕەیی خۆی کرد، پاشان دەستی بە ژیانی خۆی کردەوە، دوای ئەوەی رێوشوێنەکانی ئاسایشی توندتر کرد. هەروەها گوێمان لە هەمان دەستەواژە بوو، ئەو رۆژەی لە کن دیوار کەوتووی بەرلین وەستاین. جیهان هەناسەی خۆی گرت، کاتێک هەستی کرد، رووخانی دیوارەکە، هۆشداریی لێژبوونەوەی نمونەیەک و خۆکوشتنی ئیمپراتۆریەتێک بوو. جیهان رۆژێک بە واق ورماوی بە ئاگا هات، چونکە چیتر یەکێتیی سۆڤیەتی نەبینییەوە، ئەوەی ئەوەندە بۆمبی ئەتۆمی هەبوو، کە چەندین جار بەشی وێرانکردنی زەوی دەکرد. چەندین کتێب و وتاریشمان لە بارەی جیهانی تازە و (جیهانی تاک جەمسەر) و (کۆتایی مێژوو) خوێندەوە، خوێندنەوەکانیش لەگەڵ ویستەکان تێکەڵاوی یەکتری بوون، نەخاسمە نەریتی ئیمپراتۆریەتەکان وابوو، بەر لە ئاوا بوون، جیهان خەڵتانی خوێن بکەن. هەرچەندە ئەوەی رووید گەورە و گران بوو، کەچی وڵات و گەلان دەیانتوانی بانگەشەی ئەوە بکەن، ئەوان لە رووداو و سزاکانەوە دوورن و ناچاریش نین، هیچ گۆڕانکارییەک لە بودجە، رۆژگار و شێوازی ژیانیاندا بکەن.لە رەوشی کۆرۆنادا، پێدەچێت دەستەواژەکە، لە رووداوەکانی پێشوو وردتر بێت، چونکە بووەتە مایەی بایەخی جیهان و پرسیارو مەترسییەکانی ورژووانووە. شارەزایان پێیان وایە، ئێمە کاتێک دەتوانین ئەو جیهانەی، کە وەکو باڵندەی تۆقیوو لە هێلانەکەی رامان کردووە لێی، بۆی بگەڕێینەوە، ئەوەمە بۆمان دەردەکەوێت، گەڕاوینەتەوە جیهانێکی دیکە. دابەشکردنی کورسییەکان لە نووسینگەکان جیاوازە و لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوە دانراون، بە ئاگایی شتێکی پێویستە، دەبێت ئاگامان لە دەست شووشتن، بەستنی دەمامک و دەستەوانەوە، مادەی پاککەرەوە بێت. بنەمای وازهێنان لە پەڕەکان قوواڵتر دەبێت. بێگومان بێئەوەی لەبیرمان بچێتەوە، نەریتی باوەش بەیەکدارکردن و تەقەکردن، بۆ سەردەمی رابردوو دەگەڕێتەوە. هەموو شۆینێک جیاواز بووە، خواردنگە، سینەما و کتێبخانەکان. تاکەکان هەست بەوە گۆڕانکارییە دەکەن، کاتێک دەچنە قوتابخانە بۆ هێنانەوەی منداڵەکانیان، بە دڵنیایشەوە لەنێو فرۆکە زیاتر هەستی پێ دەکەن، ئەگەر پیشەکەی ناچاری بکات بزانێت، فرۆکەخانەکان لە سەردەمی کۆرۆنادا چۆن دەگوزەرێن. پێدەچێت ئەوجارە دەستەواژەکە زۆر وردتر بێت. ڤلادیمێر پۆتین، مافی خۆیەتی هەست بەوە بکات و کەمێک تووڕە و نیگەرانیش بێت. ئەو پیاوە دڵخۆش بوو بەو دەستکەوتانەی بۆ وڵاتەکەی بە دەستیهێناوە، لەوەتەی لە سەرەتای سەدەوە چارەنووسی رووسیای گرتووەتە دەست. لە ملکەچکردنی رووداو و پیاوەکان مامۆستایە. سیستمێکی دیموکراتی داهێناوە، کە لەسەر باڵیفی پیاوە بەهێزەکە دەخەوێت. دەچێتە هەڵبژاردنەکان و بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە. پەرلەمانێک، کە قوڕگی دەقەکان دەگرێت، بۆ ئەوەی رێگە بە رزگارکەر بدات، مانەوەی خۆی لە نووسینگەکەی ستالین درێژ بکاتەوە. تیمێکی لێهاتوو لە دروستکردنی وێنە و تازەکردنەوەیدا. وردییەکی تەواو لە خستنەگەڕی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، زێدەباری هاککەری بەتوانا، لە گێچەڵکردن بە سەقامگیری جیهان، هەڵبژاردنەکان و دۆزینەوەکانی. (سوپای سوور) بە تۆقێنەری گەڕایەوە، رووسیاش وەکو دەوڵەتێکی نیگەرانکەر گەڕایەوە، دوای ئەوەی خۆی نیگەران بوو، دەستوەردانی سەربازییشی لە سووریا بخە سەر، کە هۆشداریی گەڕانەوەی زۆرەپانی کێشمەکێشی چین-ئەمریکا ؟سەرۆکی رووسیا ئەوەش دەزانێت، ئەمریکا، لە جەنگی بەرپەرچدانەوەی پەتای کۆرۆنا، دەرفەتی پێشەوایەتیکردنی جیهانی لە دەست دا. رۆڵی بە قەد وێنە و قەبارەی تواناکانی نەبوو. بە شپرزەیی لە بەردەم پەتاکە دەرکەوت، کە هیچ پشتی کردە سەر شار، دامودەزگای تەندروستی و هەڵگری فرۆکەکانی. کێشمەکێشی ئاشکرای نێوان گەورەکەی کۆشکی شپی و والی ویلایەتەکان، لە جۆری دڵنەواییکەر نەبوو. جەنگی لەگەڵ (رێکخراوی تەندروستی جیهانی) لە باشترین کاتدا نەبوو. ئەمریکا ئەوجارە گوێی بە رزگارکردنی ئەووروپا نەدا، کە پێشتر لە جەنگاکانی جیهاندا وای دەکرد. وەکو ئەوەی سەوڵی پێشەوایەتی، بییەوێت لە دەستی ئەمریکا دوور کەوێتەوە و بە ئاراستەی دەستی چینی مەڵاسەدر بڕوات. مانەوە لە سووریا و خۆ خەریککردن بە رێکخستنی جەنگی وڵاتانی هەرێمایەتی لە سەر خاکەکەی چی بەهایەکی هەیە، لەوکاتەی چین خۆی بۆ گرتنی شوێنی پێشەوایەتی لە جیهاندا ئامادە دەکات؟ پۆتین لە ناخی خۆی دەزانێت، سەردەمی چین، بە کردار لەسەر رووسیا لە سەردەمی ئەمریکا بە سوێتر دەبێت. چین، دەریایەکی مردێی گەورەیە، کە ئەژدیهایەکی تەکنەلۆجیای گەورە پاڵشتی دەکات، کە ئەستەمە بتوانیت خۆت لە کاڵاکان و زنجیرەی هیمادەکانی قورتار بکەیت. دەریایەکە و لەسەردەمی ئەودا، تەباترین ئامێر لە مێژوودا بەرپا بووە، ئەویش پارتی کۆمۆنیستی چینی گەورەیە. سەد ملیۆن (هاوڕێ)، لەگەڵ توانای سانسۆرکردن، کە بە پێش ئەو ئەکرانانە کەوتووە، ئەوەی جۆرج ئۆرویل خەیاڵی بۆ چووە. ئەوەش دەزانێت زیانە ئابووری و مرۆییە زۆرەکانی ئەمریکا، لەوانەیە پاڵی پێوە بنێت خۆی گرمۆڵە بکات، بۆ ئەوەی زامەکانی خۆی ساریژ بکات و دەرفەت بە رێگەی (کۆرۆنا) بدات، ئەوە بەدی بهێنێت، کە رێگەی (ئاوریشم) خەونی بەدیهێنانی پێوە دەبینی.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:
www.aawsat.com



رووسیا..

دریژکردنەوەی وادەی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت تا مانگێکی دیکە لۆژیکی نییە

سەرۆکی سندوقی وەبەرهێنانە ڕاستەوخۆکان لە ڕووسیا، کیریلّ دمیتریێف، ئاماژەی بەوە کرد کە ئابووریی جیهانی دەستی بە گەشەکردووەتەوە و، رایگەیاند: خواستی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپیک) بۆ دریژکردنەوە رێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئاستێکی بەرزدا بۆ مانگێکی دیکە، لۆژیکی نییە.لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی RBKی رووسی، دمیتریێف هەڵسەنگاندنی بۆ رێککەوتنی کەمکردنەوەی نەوتی نێوان ئۆپیک و هەندێ بەرهەمهێنەری دەرەوەی ئۆپیک کرد کە دریژەی هەیە.دمیتریێف ئاماژەی بەوە کرد کە هەموو وڵاتان لە رۆشنایی بەرژەوەندیە نیشتمانییەکانی خۆیان لە بازارەکانی نەوتدا جوولە دەکەن و، رایگەیاند: بەڵام رێککەوتنی ئۆپیک نیشانیدا رووسیا، سعودیە و وڵاتانی دیکە بەیەکەوە جوولە دەکەن.کیریلّ دمیتریێف باسی لەوە کرد کە رێککەوتنەکە دەرەنجامی کاریگەری هەبووە و، رایگەیاند: نرخی نەوت لە 25دۆلارەوە گەیشتە 40 دۆلار. دەرەنجامەکان لە ئێستاوە دەرکەوتوون.سەبارەت بە هەڵوێستی رووسیا لەبارەی دریژکردنەوەی رێککەوتنەکە بۆ کۆتایی مانگی تەموز، دمیتریێف رایگەیاند: ئابووریی جیهانی دوای پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (Covid-19) دەستی بە گەشە کردووەتەوە. بەو شێوەیەش داخوازی لەسەر نەوت زیاد دەکات. لەبەرئەوە خواستی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپیک) بۆ دریژکردنەوە رێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئاستێکی بەرزدا بۆ مانگێکی دیکە، لۆژیکی نییە.ئۆپیک و هەندێ وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتی دەرەوەی ئۆپیک بڕیاریاندا ئەو رێککەوتنەی لە مانگی نیساندا واژۆویانکرد کە تێکڕا بەرهەمی نەوتی خاوی رۆژانە بەبڕی نۆ ملیۆن و 700هەزار بەرمیل کەمدەکاتەوە تا مانگی تەمووز درێژ بکەنەوە.وەزیری وزەی ڕووسیا، ئەلێکساندەر نۆڤاک، ماوەیەک لەمەوبەر لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کردبوو کە هێشتا زووە هەڵسەنگاندن بۆ درێژکردنەوەی رێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بکرێت لە ئاستێکی بەرزدا تا کۆتایی مانگی ئاب.



ئایا واشنتۆن هەڕەشە لە بەرلین دەکات؟



ئا: خالید گەردی

پێدەچێت دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا بیر لە کێشانەوەی بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکا لە بەرلین بکات، سیاسەتمەدارانیش لە هەردوو کەناری ئەتلەسی باس لە کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن، تا ئێستا واشنتۆنیش لە لای خۆیەوە وردەکاری یا روونکردنەوەی لە بارەی پلانەکەی ئاشکرا نەکردووە، ئایا ئەمە تەنیا هەڕەشەیەکە لە لایەن ترەمپەوە؟

ئەوەی روونە ئێستا (35000)سەربازی ئەمریکا لە شوێنە جیاجیاکانی ئەڵمانیا بڵاوەیان پێکراوە، لە کاتێکدا لە سەردەمی شەڕی سارد دا ژمارەیان دە هێندەی ئەو ژمارەیەی ئێستا بوو، بەڵام ترەمپ بە نیازە بەشێک لە سەربازانی بکشێنێتەوە، بە پێی ڕاپۆرتەکانی هەواڵ و لێدوانەکانی بەرپرسە حکومییەکانی ئەمریکا بەتەمایە (9500)سەرباز لە ئەڵمانیا بکشێنێتەوە.

کاردانەوەکانی ئەڵمانیا

ئەگەرچی شتیفن زایبیرتی وتەبێژی حکومەتی بەرلین لە بارەی هەڵوێستی وڵاتەکەی گوتوویەتی؛ ئەوەی هەیە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانە باس لە کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە وڵاتەکەی دەکەن، زانیاری فەرمی نین تا بتوانین هەڵوێستمان لە بارەیەوە ڕابگەیەنین، جێگرەکەی ڕایگەیاندووە ڕۆژی چوارشەممە (10 حوزەیران (2020حکومەتی ئەڵمانیا ئاگادار کراوەتەوە کە ئیدارەی ئەمریکا بە نیازە ژمارەی هێزە چەکدارەکانی لە ئەڵمانیا کەم بکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا جەختی کردۆتەوە بە پێی زانیارییەکانیان هێشتا ئەمریکا بڕیاری کۆتایی لەم ڕووەوە نەداوە.بیتەر بایری هەماهەنگکاری ئەڵمانیا بۆ کاروباری ئەتلەسی نیگەرانی خۆی لە بارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەربڕیوە و گوتوویەتی کێشانەوەی هێزەکان کاریگەری زۆر خراپی بەسەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات دەبێت، چونکە کێشەکە تەنیا کشانەوەی (9500) سەرباز نییە بەڵکو خانەوادەکانیشیان دەگرێتەوە کە نزیکەی (20) هەزار ئەمریکییە لەسەر خاکی ئەڵمانیا.

کاردانەوەیەکی توند

وا دیارە تووندترین کاردانەوە لە لایەن دیتمار بارتچی سەرۆکی قەوارەی حزبی چەپڕەوی ئەڵمانی بووە، کە گوتوویەتی با ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەکە ئەتۆمییەکانیش، کە لەسەر خاکی ئەڵمانیا دایانون لەگەڵ خۆی بباتەوە دەڕەوە، لەسەر حکومەتی ئەڵمانیا پێویستە پێشوازی لەو هەنگاوە بکات بۆ ئەم مەبەستە لەم نزیکانە لەگەڵ ئیدارەی ترەمپ ڕێکبکەون هاوکات لەگەڵ کێشانەوی هێزەکانی، چەکە ناوکییەکەشی بباتە دەڕەوە، بەمەش سوودێکی زۆر بەر باجدەران دەکەوێت کە چیتر پێویست ناکات ملیارەها دۆلار بۆ کرینی فڕۆکەی جەنگی نوێ لە پێناو ئەو بژمانە خەرج بکات.

هەڵوێستی گەورە

ئەگەرچی تا ئێستا واشنتۆن بە فەرمی بڕیاری نەداوە ژمارەی هێزەکانی لە ئەڵمانیا کەم بکاتەوە، بەڵام بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە سیاسەتمەدارانی بەرلینی نیگەران کردووە، بیتەر بایر لە پارتی مەسیحییە دیموکراتەکان و ڕێکخەری پەیوەندییەکانی ئەتلەسی پێی وایە کێشانەوەی یەکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ئەڵمانیا کۆڵەگەی پەیوەندییەکانی هاوپەیمانی ئەتلەسی دەهەژێنێ. یوهان فادبولی هاوکارەکەشی لە هەمان حزب گوتوویەتی؛ داواکەی ترەمپ وەک ئەوە وایە ئەوروپا لە ڕووی سەربازییەوە ئیتر پشت بە خۆی ببەستێت.لەکاتێکدا زۆرێک لە سیاسییەکان پێیان وایە دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا جێگای متمانە نییە، بەڵام ئەلیکسەندەر گرافی جێگری سەرۆکی قەوارەی حزبی لیبرالی جەخت لەوە دەکاتەوە ناکرێت وتوێژ و پەیوەندی لەگەڵ ترەمپ بپسڕێن، تەنانەت شیکەرەوانی سیاسیش پێیان وایە گرتنەبەری هەنگاوێکی لەمجۆرە ئەنجامدانی هەڵەیەکی گەورەیە، بن هودگسی فەرماندەی بالای هێزەکانی ئەمریکا لە ئەورووپا پێش خانەنشینبوونی لە شاری فیسبادنی ئەڵمانیا لە تویتێکیدا هۆشداری کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە ئەڵمانیا دا و بە هەڵەیەکی کوشندەی ناوبرد گوتی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەورووپا وەک دیاریەک وایە ترەمپ پێشکەشی فلادیمیر پوتینی سەرۆکی ڕوسیای بکات، چونکە یەکەکانی ئەمریکا لە ئەورووپا تەنیا بۆ پاراستنی ئەلمانەکان نییە، بەڵکو وەک بەشێک لەهێزەکانی ناتۆ لەرکیان سەرجەم وڵاتانی ئەندامانی ناتۆیە بە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە.هودگس ئاماژەی بەوەشدا کولن پاول کە وەک ترەمپ سەر بەحزبی کۆماریە گوتوویەتی کێشانەوەی هێزەکان وەک هاندانێک وایە بۆ وڵاتان تا دژایەتی ئەمریکا بکەن، کە ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نییە. هەر بۆیە بە نیازە لە دەنگدان دەنگ بە جۆ بایدنی ڕکابەری ترەمپ بدات.

گرنگیی بنکەکانی ئەمریکا لە ئەڵمانیا

ئەمە جاری یەکەم نییە ترەمپ هەڕەشەی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەلمانەکان دەکات، چونکە پێی وایە ئەلمانەکان بەبێ ئەوەی خۆیان کارێک بکەن کیفایەت بێت بۆ بەرگری، تەنیا سوود لە پارێزگاری ئەمریکا دەبینن، پێشتر ترەمپ باسی لە ئەگەری گواستنەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە ئەڵمانیاوە بۆ پۆلەندا کردبوو، پارسااڵ لە میانەی سەردانەکەی بۆ واشنتۆن ئەندری دودای سەرۆکی پۆلەندا هیوای خواست ئەگەر ئەمریکا بڕیاری دا بەشێک لە هێزەکانی خۆی لە ئەڵمانیا بکێشێتەوە ئەوا ئەو هێزانە دوای دەڕچوونیان لە ئەڵمانیا، لە وڵاتەکەی جێگیر بکات.خۆ ئەگەر ترەمپ بە کردەنیی قسەکە خۆی کرد کردار، ئەوا ئەم بابەتە بە تەنیا ئاماژەیەکی سیاسی جێگای مشتومڕ نابێت، بەڵکو لە ڕووی ڕێکخراویشەوە چەند هۆکارێکی ترجێبەجێ کردنەکەی هێندە ئاسان نابێت، هۆکاری هەرە سەرەکیی پێگەی بنکەکانی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەڵمانیا گرنگیی و بایەخی زۆری هەیە لە ڕێزبەندی پلەی سەرەکیدا دایە، نەک پلەی ناوەندی، چونکە دەستێوەردانە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفغانستان لە فڕۆکەخانەی ڕامشتاینی ویلایەتی ریناینا بلاتینا سەرچاوەی گرتووە و ئەنجام دەدرێت. هەروەها لە بارەگای سەرەکیی لە شتوتگارت ئەمریکییەکان هێزەکانیان لە ئەوروپا و ئەفریقا ڕێک دەخەن، جگە لەمەش نەخۆشخانەی سەربازی ئەمریکا لە لاندسهوتی نزیک ڕامشتاین بەگەورەترین نەخۆشخانەی ئەمریکا لە دەرەوەی وڵات دادەنرێت. سەرەڕای ئەمەش ئەڵمانیا ڕۆڵی سەرەکیی لە پێناو بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان دەگێڕێت، جگە لەمانەش ئەگەر ئەمریکا یەکە سەربازییەکانی بۆ پۆلەندا بگوازێتەوە، ئەوا ڕوسیا ئەم کارە بە دژایەتی کردنی خۆی دەزانێت و لەبەرامبەردا کاردانەوەی دەبێت، هیچ ئەندامێکی ناتۆش ئەمەیان بەلاوە گرنگ نابێت.

پلانەکەی ترەمپ

دەبێت ئەو هۆکارانە چی بن کە وا لە ترەمپ بکەن هەڕەشەی کێشانەوەی هێزەکانی لە ئەڵمانیا بکات؟ ئایا ئەمە بە هۆی ئەوەیە کە میرکل ئارەزووی نەبوو بەشداری لە لوتکەی حەوت وڵاتی پیشەسازی لە ئەمریکا بکات، بەشداری نەکردنەکەی نیگەرانی لای ترەمپ دروستکرد؟ لەمبارەیەوە هەر یەک لە یورگن هارت شارەزا لە بواری کاروباری سیاسی کە سەر بە حزبی مەسیحییە دیموکراتەکانە، هەروەها یورگن تریتین کە سەر بەحزبی سەوزە ئەمە بە دوور نازانن، تەنانەت شتیفن زایبیرتی وتەبێژی حکومەتی ئەڵمانیا سەر لەنوێ دووپاتی کردەوە ڕەتکردنەوەکەی میرکل بۆ ڕۆیشتن بۆ ئەمریکا هۆکاری سیاسی بە دواوە نەبووە.لێرەدا پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە ئایا بە کردەوە پلانی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەڵمانیا خراوەتە سەر میز بۆ جێبەجێ کردنی؟ چونکە هیچ کام لە کۆششکی سپی و وەزارەتی بەرگری هیچ وردەکاری یا ڕوونکردنەوەیەکیان لەو بارەیەوە نەداوە، بۆیە پێدەچێت بابەتەکە هەڕەشەیەکی ناوەڕۆک بەتاڵ بێت و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نەکەوێتە واری جێبەجێ کردن.هەریەک لە جون کورنبلومی بااڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئەڵمانیا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی و ئیدگار کنویلوم عەمدەی شاری گرافینفور بفاریە کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاییان لە ئەڵمانیا بەدوور زانیوە جەختیان کردۆتەوە ئەمریکییەکان هەڵساون بە ناردنی کەل و پەلی تەکنیکی بۆ بنکە ئەمریکییەکە.

سەرچاوە: ئاژانسەکانی هەواڵ

وێنەو کۆمێنت



له چەندین شاری بەریتانی خۆپیشاندان له دژی ڕەگەزپەرستی ئەنجام درا

مانشێت



ئیندیپێندێنت:
بە تۆمەتی ئەشکەنجەدانی کەسێک لە بەندیخانەیەکی نهێنی سەر بە ڕژێمی ئەسەد،حکومەتی ئەڵمانیا پزیشکێکی بە ڕەگەز سوری دەستگیر کرد.



ئۆبزێرڤەر :
یەکێتی ئەورووپا داوای وەستاندنی شەڕ و دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی ئاشتی کرد لە لیبیا.



سکای نیوز:
کۆریای باشوور دانی بەوە دانا کە لە سێوڵی پایتەخت ڕووبەڕووی شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا دەبێتەوە و ڕۆژانە 35 تا 50کەس تووشی ئەو ڤایرۆسە دەبن.



ئەی ئێف پی:
ئەمەریکا داوای لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کار بۆ دریژکردنەوەی سزای قەدەغەکردنی ناردنی چەک بۆ ئێران دریژ بکرێتەوە.

ئیلاف:
مادۆرۆی سەرۆکی ڤەنزویلا ئامادەیی پیشان دا کە لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا کۆببێتەوە.



ڕۆیتەرز:
سوپای کۆنگۆ ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی هێرشی چەند چەکدارێک بۆ سەر ژمارەیەک گوند لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە 20کەسی سڤیل کوژران.

لەگەڵ سەردەمی کۆرۆنادا چۆن گەشتوگوزار بکەین؟



نادر روستی

لە گەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، فرۆکەخانەکان داخران، شوێنەکانی گەشتیاری داخران، جولەی گەشتوگوزار پەکی کەوت، واتە یەکەم کەرتبوو، بووە قوربانی ڤایرۆسەکە و دواین کەرت دەبێت کە بەجولە دەکەوێتەوە، بۆیە زۆرترین زیانیش بەرکەرتی گەشتوگوزار دەکەوێت.

ڕاوەستانی جولەی گەشتیاری تەنیا زیانی ئابووری لێنەکەوتۆتەوە، بەڵکو زیانی جەستەیی و دەروونی زۆری بە مرۆڤەکان گەیاندووە، بەوهۆیەی مرۆڤەکانی لە خۆشی گەشت و گەڕان و دەرچوون لە ماڵەکانیان بێ بەش کردووە، گەشتیاران لە ئازاریەکی دەروونی سەخت دەژین، چونکە وەک جاران ناتوانن بگەڕێن، ناتوانن خۆشی ببینن، ناتوانن چێژ لە سروشت و ژیان وەربگرن.

لە ڕووی گەشتیاریییەوە سەردەمی کۆرۆنا هەرگیز ئەو سەردەمە نابێت کە پێش کۆرۆنا گەشتوگوزار گەشەی تێدا دەکرد، کە دەبووە هۆی ئەوەی ساڵانە ژمارەی گەشتیاران زیاد بکات، داهاتی گەشتیاری زیاد بکات، تا ئەو کاتەی پێکوتە یان دەرمانی چارەسەری بنبڕ بۆ ڤایرۆسەکە دەدۆزرێتەوە، ئەوسا دۆخەکان ئاسای دەبێتەوە، ئەم بەردەوامبوونەش بۆ کەس دیار نییە، هیچ حکومەت و دامەزراوەیەک نازانێت تا کەی و بۆ ماوەی چەند ئەم ڤایرۆسە بەردەوام دەبێت، واتە چەند مانگێکە یان چەند ساڵێکە!.

خۆگونجاندن و هەڵکردن لە ڕووی گەشتیاری لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریکی ئاسان نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا کاریکی مەحاڵیش نییە، لەگەڵ ئەوشدا هەرگیز وەک باردۆخی ئاسای نابێت کە پێش سەردەمی کۆرۆنا هەبووە، سەرباری هەموو ئەو باردۆخە سەختە، دەکرێ کەرتەکە هەناسەیەکی بکرێتەوە بەروو لە مردن رزگار بکرێ، ئەگەر ئەمەش نەکرێ، ڕەنگە کەرتی گەشتیاری هەرەس بێنێت، یان نیمچە ئیفلیج ببێت، یان هیچ نەبێت ژمارەیەکی زۆر کۆمپانی و بنکەی گەشتیاری مایە پوچبوونی خۆیان رابگەیەنن، ڕەنگە بێکاری ڕێژەکەی زۆر بەرز بێتەوە و بێکاران بەن بە بارگرانییەکی زۆر بەسەر حکومەت و کۆمەڵگە، کەواتە چیی بکرێ؟

بۆ بەگەڕخستنەوەی باردۆخی گەشتیاری چەند پێشنیازێک دەخەینەروو:

1- لایەنی بڕیاردەر هەمانگی لەگەڵ دەستەی گەشتوگوزار هەبێت، بۆ دراسەکردنی دۆخی کەرتەکە و هەڵسەنگاندن بۆ ئێستا و ئایندەی کەرتەکە.

2- سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگیرێت، کە ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆر زیانی پێگەیاندون، بەڵام دواجار توانیان کەرتی گەشتیاری بە جولە بخەنەوە و سەرەتایەکی پرۆژەکانی گەشتیاری) بۆ هێنانی ئامێر و کەلوپەلی پشکنین بۆ فرۆکەخانە و بازگەکان، بۆ پشکنینی گەشتیاران پێش هاتنیان بۆ ناو هەرێم.

4- ڕێگای هێنانی گەشتیار لە شارەکانی عیراق بۆ هەرێمی کوردستان، لە ژێر کۆمەڵێک ڕێکاری خۆپارێزی تونند بکرێتەوە، بە مەرجێک تەنیا ئەو کۆمپانیانە ڕێگایان پێبدرێت، کە مەرجەکان جێبەجێ دەکەن، وەک: (کەمکردنەوەی ژمارەی گەشتیارانی ناو پاسەکان، بەرنامەی شوینی سەردان کردن دیار بێت، ڕێگا نەدرێن بچن بۆ هەموو شوینێک، زۆر تێکەڵ نەبن، ڕێکارەکانی خۆپارێزی بەسەریان بسەپێنرێ، لە کاتی پابەند نەبوون کۆمپانیا سزا بدرێت...هتد).

5- لە ژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی هەرێم ریکارەکانی تەندروستی بەرێوەبچن، خەرجی پشکنین و خزمەتگوزارییەکان لەسەر کەرتی تایبەت بێت و هیچ خەرجیەک نەکەوێتە سەر حکومەت.

6- پێش هاتنی جەژن چەند کۆمپانیایەک بە شێوەی تێست کارەکە بکەن و هەوڵبدری بۆ پێش جەژنی قوربان ئامادەکارییەکان تەواو بن بۆ ڕیگا دان بە هەندێک کۆمپانیا کە گەشتیار بیبن.

ئەو بۆچوونانە لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار گفتوگۆی لەسەر کراوە، واتە باش بۆ ئایندەی کەرتەکە بنیات بنێنەوە، وەک وڵاتانی ئەوروپا کە کردنەوەی بنکەکانی گەشتیاری وڵاتەکەیان ئاسایی کردۆتەوە و بڕیاریان داوە سنوور و فرۆکەخانەکانیان بەرووی گەشتیاران بکەنەوە.

3- هەماهەنگی بکرێ لەگەڵ سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت لە گەشتوگوزار (کۆمپانیاکان، بۆچوونی سەرۆکی دەستە و بەرێوەبەرەکانیشە، هیوادارین دوای نزمبوونەوەی کاریگەری ئەم شەپۆلەی کۆرۆنا لایەن پەیوەندارەکان هاوکار بن، هاوکار بن بۆ بە جولە خستنەوەی کەرتی گەشتوگوزار.

وێنەگران هۆکارێکی سەرەکی ناساندن و پیسکردنی سروشتی کوردستانن

ئاشقانی سروشت زۆرن، بەڵام هیچیان وەک وێنەگران نەیانتوانیووە لە زوومی کامێرا و مۆبایلی زیرەک و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی دیمەنە نەبینراوەکانی سروشت بدۆزنەوە و بیگوازنەوە بۆ بەرچاوی هاوڵاتیانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان، گەشت و گەڕانی ئەوان بۆ ناو سروشت بەتایبەت بۆ ئەو شوێنانەی نەبینراون و نەناسراون بۆ چرکاندنی چەند وێنەیەک و گواستنەوە و خستنەبەر چاوی هاوڵاتیان، کارێکی سەختە، ڕێڕۆشتن و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە، هەندێکجار مەترسی و سەرکێشی زۆری تێدایە، بەڵام دڵسۆزی و خۆشەویستی ئەوان بۆ کارەکە و بۆ نیشتمان وایکردووە نە ماندووبوون و نەمەترسییەکان ناناسن، بەشی زۆری وێنەگرە ئاشقەکان و ژێنگە پارێزەکان کارەکەیان بۆ دەستکەوت و پارە نییە، بەڵکو تەنیا وەک خزمەتێک بۆ خۆشەویستی نیشتمان دەیکەن، لە هەمان کات خزمەت بە کەرتی گەشتیاری دەکەن و دەبنە هۆکارێکی گرنگ بۆ ناشناکردنی گەشتیاران بە سروشتی ناوازەی کوردستان. سەرەڕای هەموو ئەم کارە باشانەی وێنەگران دەیکەن، لە جیاتی پاداشت بکرێن و ڕێزیان لێبگیرێت، هەندێک کەس وینەکانیان دەبەن و بە ناوی خۆیان بڵاودەکەنەوە و مافی وێنەگرەکە دەفەوتێنن، زۆرجاریش ناساندنی شوێنەکان بۆتە هۆی تێکدان و شێواندنی شوێنەکان بەدەستی کەسانی تێکدەر و پیسکەری ژینگە، ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە، بۆیە پێشنیاز دەکەم کە وێنەگران ناوی شوێنەکان بڵاونەکەنەوە، هەروەها لۆگۆی تایبەتی خۆیان بەجۆرێک بخەنە سەر وێنەکانیان، تاکو کەسانی تر بە ئاسانی وێنەکان نەبەن و خۆیان لێی نەکەن بەخاوەن.

ئەشکەوتی کونە کەمتیار

قوڵترین ئەشکەوتی کوردستان و عێراقە


ئەشکەوتەکان جۆراوجۆرن و لەسەر چەندان شێواز هەڵکەوتوون، هەرجۆرێک بۆ مەبەستێک سوودی لێوەرگیراوە، هەندێکیش لە ڕووی گەشتیاری سەرنجڕاکێشن، وەک ئەشکەوتە میژوویەکان و شوێنەوارییەکان، ئەشکەوتە دێمەن جوان و سەرنجڕاکێشەکان، ئەشکەوتە قوڵ و مەترسیدارەکان.

هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر ئەشکەوتی جۆراوجۆری لێیە، کە یەکێک لەو ئەشکەوتە سەرنجڕاکێشانە، ئەشکەوتی کونە کەمتیارە.

ئەشکەوتی کونە کەمتیار دەکەوێتە بناری چیای دووگردانی گوندی (مەملەحە)ی سەر بە ناحیەی سەنگاو لە قەزای چەمچەماڵ.

کونە کەمتیار ئەشکەوتێکی تاریکە و زۆر ئاڵۆز و پێچاوپێچە، سروشتی ناو ئەشکەوتەکە بەجۆرێکە، کە لە ڕێڕەوێک دەڕۆی و دواتر دەبێت بە چەند ڕێڕەوێکی تر، بەگشتی ناوەوەی فراوانە، بەڵام چەند شوێنێکی تەسک و تەنگە، زۆری ڕێڕەوەکان و تەسکی هەندێک شوێن وای کردووە ئەگەر ڕێنیشاندەرێکت لەگەڵ نەبێت، ڕەنگە ئاستەم بێت بتوانیت بڕۆیت و بگەڕێیتەوە، ئەشکەوتەکە ژمارەیەکی زۆری شەمشەمەکوێرەی لێ دەژین.

هیچ کەس لە کوردستان نەیتوانیوە بە تەواوی ناو ئەشکەوتەکە بگەڕێت و زانیاری کۆبکاتەوە، بۆیە نەزانراوە چەند قوڵە، هەرچەند بە گۆترە گوتراوە کە 5060پێ قوڵە. بەڵام لە ساڵی 2007تیمێکی ئەشکەوتناسی ئەڵمانی هاتۆتە هەرێمی کوردستان، یەکێک لە ئەشکەوتناسەکان ناوی میشێل بووە و ئەندامی ئەشکەوتناسەکانی ئەڵمانیا بووە، هاوڵاتیەکی شاری سلێمانیش ناوی ئاکۆڕەش بووە، چاوساغ بووە و لە ئەڵمانییە دادەنیشێ، لەگەڵ تیمەکە بووە، زیاتر لە 9 ئەشکەوت لە سنووری سلێمانی گەڕاون، چوونەتە قوواڵی ئەشکەوتەکان. یەکێک لە ئەشکەوتەکان کە چوونەتە ناوی، ئەشکەوتی کونە کەمتیار بووە. تیمەکە لە ئەنجامدا لە 11/5/2007لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسی ڕایانگەیاندبوو کە قوڵترین ئەشکەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەشکەوتی کونە کەمتیارە کە 4030م قوڵە. واتە زیاتر لە 4کم قوڵ و درێژە، هەریەک لە ئەشکەوتی کونە کەمتیار و ئەشکەوتی سەحرا و چەندان ئەشکەوتی تری کوردستان تاکو ئەمڕۆ بە تەواوەتی نەهێنیەکانی پێکهاتە و درێژی و ڕێڕەوەکانیان ناشکرا نەبوونە، بۆیە دەکرێ بۆ گەشتیاری سەرکێشی سوودیان لێوەربگیرێت.







ئەمرۆ رامۆس و هازارد
بەرامبەر مایۆرکا یاری ناکەن

دوای ئەوەی یانەی ریال مەردید لەسەر حیسابی یانەی ریال سۆسیداد توانی پێشەنگی لالیگا لەبەرشلۆنە وەرگرێتەوە، ئەمرۆ لەیارییەکی دیکەی خولی ئیسپانیا بەرامبەر یانەی مایۆرکا یاری دەکات.

ئەرکی زێدان لەم یارییە ئاسان نابێت ئەگەرچی لەناو سانتیاگۆ بێرنابێو بەرێوەدەچێت، ئەویش بەهۆی یاری نەکردنی هەردوو ئەستێرە سپێرجیۆ رامۆس و هازارد، کە ئەمەی یەکەم لەیارییەکەی رابردوویاندا نەیتوانی یارییەکە تەواو بکات و لە خولەکی 60یاریگای جیهێشت، هازاردیش بەجیا دەستی بەراهێنانەکانی کردەوە و ئەگەرێکی زۆر هەیە ئەم دوو یاریزانە لەیارییەکەی بەرامبەر مایۆرکا یاری نەکات.

رۆنالدۆ:
من هەرگیز کۆڵنادەم

خەبات: سولێن سلێمان

پاش ئەوەی یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتاڵی لە پێشبرکێیەکانی یاری جامی ئیتاڵیای شکستی هێنا بۆیە کریستیانۆ ڕۆنالدۆ نازناوی جامی ئیتاڵیای لەدەستدا هەر بەو هۆیەشەوە چەند رۆژێکی ناخۆشی بەسەربرد بە خەمبارییەوە ، بەڵام پاش ئەوە رۆنالدۆ ئەستێرەی یەکەمی سێریا ئەی دوای ئەوە وێنەیەکی لە ئینستاگرامی خۆی بڵاکردۆتەوە نوسیوویەتی کەوا "هەرگیزکۆڵ نادەم" دوای ئەوەی یانەی یۆڤێنتۆس نازناوی جامی ئیتاڵیای لەدەست ڕەخنەی زۆری ئاراستە کرا بە تایبەتی ڕاهێنەرەکەی یانەی یۆڤی ماوریسیۆساری و کریستیانۆ رۆنالدو هاوادارانی یانەکە بە شێوەی جیا جیا ڕەخنەیان لێگرت.

قیدال: بە ڕەوشێکی نامۆ و ئاڵۆزدا ڕەت دەبین

یاریزانی چیلی، ئەرتۆرۆ ڤیدال، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، وەڕسی خۆی لە کەشو هەوای ئێستای تۆپی پێ بە بێ جەماوەر دەبڕی، کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە قەدەغە کراوە. ڕۆژنامەی مارکا، بەشێک لە وتەکانی ڤیدالی بڵاو کردووەتەوە کە وتی: بە ڕەوشێکی نامۆ و ئاڵۆزدا ڕەت دەبین، لەو شتانەی کە دەبێت پێش یاریبەکان ئەنجامی بدەین، تاکو دەگاتە پرۆتۆکۆڵە جێگیرەکان، ئەو شتانەی کە پێشتر هەر خەیاڵیشمان بۆی نەدەچوو. هەروەها وتی: جەماوەر هەستی پێدەبەخشین، هەتا پێش ئەوەی بچینە نێو یاریگەشەوە، بەڵام ئێستا ئەوەمان نەماوە، کەشوهەوا بە تەواوی گۆڕاوە. وتیشی: زۆر ئەستەمە بتوانیت چاو بخەیتە سەر یاریکردنت، بۆیە هیچ حەز ناکەین بچینە سەر یاریگەوە، چونکە تۆپی پێ، لە سەر ئەو کەشوهەوایە دەوەستێت، کە جەماوەر دروستی دەکەن. ڤیدال، لە بارەی سیستمی تازەی یاریبەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا وتی: ئەگەر بەربەستی ناپۆلی ببڕین، دەبێت قۆناغەکانی داهاتوو بەیەک یاری تەواو بکەین، منیش حەزم لەوەیە، چونکە شتەکە هەمووی لەسەر 90خولەک دەوەستێت. لە کۆتاییشدا وتی: لەو جۆرە بارودۆخەدا، لەسەر یاریزانە گرنگەکان پێویستە، شوێن پەنجەی خۆیان جێبهێڵن، منیش دەمەوێت ئەوە بکەم.

ڕەمزی میرەکانی



تۆتێنهام
گرێبەستەکەی یان ڤێرتۆنخێنی نوێکردەوە

خەبات: سولێن سلێمان

یانەی تۆتێنهامی ئینگلیزی نوێکردنەوەی گرێبەستی یان ڤێرتۆنگینی بەرگریکاری بەڵژیکی ڕاگەیاند تاوەکو کۆتایی ئەم وەرزە ، هەروەها یانەی تۆتێنهام لە پێگەی تویتەری فەرمی خۆیانەوە بڵاویکردۆتەوە کەوا یانەکە لەگەڵ بەرگریکارە بەلجیکیەکە گەیشتونەتە ڕێکەوتن ئەویش نوکردنەوەی گرێبەستی ئەو یاریزانە تا کۆتایی ئەم وەرزەی 2019/2020درێژ دەکرێتەوە ، چەنکە گرێبەستی ڤیرتۆنگین لەسەرەتای ئەو وەرزە تەواو دەبوو ، بەرگریکارە بەلجیکیەکە لەگەڵ یانەی تۆتێنهام بەردەوام دەبێت تاوەکو یاریبەکانی پرێمەرلیگ و چامپیۆنزلیگ کۆتایی دێن.



وەک ڕێزێک بۆ ئەحمەد رازی
لەمەولا هیچ یاریزانێکی عێراقی درێسی ژمارە 8 لەبەر ناکات



دەستەی کارگێڕی یانەی زەورا بڕیاریدا بە سڕینەوەی ژمارە 8لە لیستی تیپەکەی کە ئەمەش ڕێزلێنانێک بۆ ئەحمەد رازی ئەستێرەی دیاری پێشووی یانەی زەوراو هەڵبژاردەی عێراق.

بەم بڕیارەش چیتر یاریزانانی یانەی زەورا ناتوانن ئەم ژمارەیە ببەستن کە پێشر ئەحمەد رازی لەو یانەیە لەبەری دەکرد، ئەویش بۆ ئەوەی تاهەتایە ئەو ژمارەیە هەر بەناوی رازییەوە بمینێتەوە، لەلایەکی دیکەوە یانەی زەورا داوای لە وەزارەتی وەرزش ولاوانی عێراق کردووە کە یاریگاکەیان بەناوی ئەوەوە بکرێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed.24. Jun. 2020 No: (5960)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ئەگەر کەسێک بەهرەی ئەو هونەرەی نەبێ نابێتە نەخشەساز

دیزاینەر حەلیمە محەمەد: خوێنەر بەبێ ئەوەی بابەتەکەی خوێندبێتەوە، لەو وێنەیەی کە داندراوە، ناوەرۆکی بابەتەکە دەزانێت



دیمانە: کامەران حاجی ئەلیاس

یەکێک لەو هونەرانەی کە لە نێوان رۆژنەمەو گۆڤارەکاندا گرنگی زۆری پێدەرێت و رۆڵی هەیە لە سەرنجراکێشانی خوێنەران بواری نەخشەسازی و دیزاینە وەکو پسپۆری تایبەیت لە بواری رۆژنامەوانی هەڵسەوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، لەنێو کوردستانیش گرنگی زۆری پێدەردێت یەکێک لەوانەی خاتوو "حەلیمە محەمەد" کە دەستێکی بالای هەیە لەم بوارە دا بۆ زیاتر ئاشنا بوون ،بە کارو چالاکییەکانی بەچەند پرسیارێک بەسەرمان کردەوە

*** سەرەتایی چوونە ناو کاری هونەری دیزاینەری رۆژنامەوانی ، چۆن بوو؟**

– سەرەتای سالی 2003 هاتمە بواری راگەیاندن و لە گۆڤاری گوڵان دامەزرام. ئەرکی من سەرەتا تایپ کردن بوو ، چونکە ئەو سەردەم کۆمپیوتەر گشتگیر نەبوو ، کەم کەس بابەتەکانی خۆی بە تایپ کراوی دەناردن و زۆرتر بەدەست دەنووسران. هەر ئەوکات زۆر هۆگریم بەکاری نەخشەسازی هەبوو ، دەمویست لەم بوارەدا خۆم تاقی بکەمەوە. حەز و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، دەتگەیەنەتە مەبەست. منیش زۆر حەزم لەو بوارە بوو، هەوڵیشم لە پێناویدا.

*** بە بۆچوونی بەڕێزتان بنماکانی هونەری دیزاینەری رۆژنامەوانی چین؟**

– هونەری نەخشەسازی لە رۆژنامەدا، هیچ جیاوازییەکی نییە لە هونەری بیناسازی ،لە بیناسازیدا دەبێ سەرەتا نەخشەیەکی باش هەبێت، پاشان کەرەستەکانی سازکردنی بینا. لە هونەری دیزاینەری گۆڤار و رۆژنامەشدا هەمان بنەما هەن، دەبێ لەسەرەتادا لە زەین و بیری نەخشەسازدا بیرۆکە و نەخشەکە هەبێت، پاشان کەرەسەکان وەک وێنە و مانشێت و کەرەستەکانی گرافیکی هەبن، بەڵام پێویستە ئەوە زیاد بکەم، ئەگەر هەموو کەرەستەکان چ بۆ بیناسازی و چ بۆ دیزاینی تەکنەلۆژیایە لە هونەری سینەمادایە.

*** ئاستی دیزاینەرانی کوردستان لەچ ئاستێک دایە؟**

– نەخشەسازی هونەرە. ئەگەر کەسێک بەهرەی ئەو هونەرەی نەبێ نابێتە نەخشەساز. هونەرێکە وەک هەموو هونەری تر. نەخشەساز دەبێ سەرەتا ئەو بەهرەی هەبێ و پاشان بە خولیا و ماندووبوونی خۆی بیگەیەنێتە لووتکە. هەموو کەس گۆرانی دەڵێت، بەڵام هەموو کەس هونەرمەند نییە ، بۆیە خەڵک هونەرمەندە مەزنەکان لەگەڵ گۆرانیبێژێکی ئاسایی لێکجیا دەکاتەوە. هونەری نەخشەسازیش وایە. لە کوردستانیشدا بە سەدان کەس کاری نەخشەسازی دەکەن، بەڵام ئەوانەی لەو بوارەدا گەیشتوونەتە لوتکە، ڕێژەیان زۆر کەمە.. هەندێک لە گۆڤار و رۆژنامەکان بەراستی دیزاینەری باشیان هەیە و هەندێکیش هەر لەکۆڵ خۆی دەکەنەوە. ئەوانەی هونەری نەخشەسازیان هەیە سەربازی ونن.

*** تاچەند تەکنەلۆژیا کارێگەری لە دیزاینی رۆژنامەوانی هەبووە؟**

– تەکنەلۆژیا کارئاسانییەکی زۆری بۆ ئەم بواڕە ڕەخساندووە، دەزانم پێشووتر، نەخشەسازانی ئەم بواڕە چەند کاتی خۆیان بۆ ئەم بواڕە تەرخان کردووە. پێشووتر ڕەنگە لە ماوەی کاتژمێرێکدا لاپەڕەیەکی رۆژنامە دیزاین نەکرابا ، بەڵام ئێستا دەکرێ لە مەودایەکی کەمدا دیزاین بکرێ. کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر ئەم بواڕە وەک ئەوەیە کە لە گەشتن کردن بە پێ تا گەشت کردن بە فڕۆکە چەندەی جیاوازە.. کاریگەری تەکنەلۆژیا لە دیزاینی رۆژنامەدا وەک کاریگەری

کایا حوسێن: مەرجی شاجوانی تەنها جوانی نییە، بەڵکو زیرەکی و قسەکردنیش مەرجن



(خەبات): سولێن سلێمان

کایا حسێن شاجوانی ئێستای ئێران تەمەن 19 ساڵ خەڵکی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە چاپێکەوتنێکدا بۆ خەبات دەڵێت: خۆشحاڵم کە وەک کچە کوردێک بۆ شاجوانی ئێران هەڵبژێردرام ، کایا بەر لە ماوەیەک ببو بە شاجوانی ئاسیا بەڵام دواتر پاشەکشێی کرد لەو پێشبرکێیە سەبارەت بە بەوەی کەوا بۆ بەژداری نەکرد دەڵێت: تەنها بە حەزی خۆم پاشگەز بوومەوە بەوەرم بەخۆم هەبوو کەوا و هەروەها یەکەم جار بوو بەژداری لە کێبرکێیەکی لەو جۆرۆ بکەم، بەڵام لە کۆتاییدا پاشگەز بوومەوە، لە پسیارێکدا کە ئایا چ هەستێکی هەبوو لەو کاتەی بووە بەشاجوانی ئێران؟ لە وڵامدا دەڵێت: هەستێکی زۆرخۆشە ببە شاجوانی وڵاتێک ، چونکە بوون بە شاجوان مەرجی تانها ئەوە نییە روخسارێکی جوانت هەبێت بەڵکو پێویستە ئاستی زیرەکی و ژیری و و هەروەها ئاستی ورۆشبیریت بەرز بێت ، و هەروەها کایا بالای 173سم و کێشیشی 55 کیلۆگرامە و گووتیشی هەر تەمەنی مندااڵیەوە حەزم بە کاری مۆدە و کاری نمایشی جلوبەرگ بووە ، کایا دەربارەی مەرجەکانی بوون بە مۆدێل دەڵێت: پێویستە ئەوانەی کاری مۆدێل دەکەن بااڵیان لە 171 سم کەمتر نەبێت و کێشیشی لە 60 کیلۆگرام زیاتر نەبێت و لەشێکی ڕێکی هەبێت و هەوڵ بدات زۆر دەستکاری خۆی نەکات وەکو نەشتەرگەریە جوانکارییەکان، لە ئێستادا چ کارو پرۆژەیەکت بە دەستەوەیە ؟ لە ئێستادا بە تەمام کارو پرۆژەکانم بە ئەنجام بگەیێنم جونکە بە تەنیا ناتوانم هەریەک لەو کارانە ئەنجام بدەم و هەروەها چەند کەسانێکیش هەن کە وا یارمەتیم دەدەن . کایا لە کۆتاییدا دەڵێت: هیوادارم هەموو گەنجان بە ئاواتەکانیان بگەن و هەردەم هەوڵ بدەن بۆ سەرکەوتنی زیاتر.

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا
ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:
ڤایرۆسەکە بە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێک کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکن، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لوتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:
جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ئاسانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەناوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیپەکانی دەناوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.
نەخۆشییەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەساڵاچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان


تەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

خۆپارێزی لە دەرەوە
لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:
- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێک) بە جێلێ تایبەتی کهولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لووتت داپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە
ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتایت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:
- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم دابپۆشە.
- شلەمەنییەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکوڵێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەوەرکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.

سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

چارەسەریە پزیشکییەکان
ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.
ئەگەر لەو ماوەیە باری تەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشک ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگریت.

پێشانگای (پەنجەرە کۆرۆنا)ی هونەرمەندی شێوەکار شاهۆ نەوزاد قەرەداغی لە وڵاتی سوید کرایەوە



بەرهەم شێخ عزەدین:

هونەرمەندی شێوەکار شاهۆ نەوزاد قەرەداغی کەدانیشتوی وڵاتی سویدە بەخەباتی گوت: تابلۆکانم ئامادابوون حەزم نەکرد کۆن بن، کاتەکەشی بەهۆی نەخۆشی کرۆنا زۆر خراپە بۆیە بڕیارم دا ئەم پێشەنگایەم لەشوشەی پەنجەری ماڵەکەم بکەمەوە، بەم شێوەیە توانیم پێشەنگاکەم بکەمەوە و هاوڵاتیانیش نەخەمە مەترسییەوە، وەبینەرێکی باشی هەبوو وەجێی ڕەزامەندی هاوڵاتیانی شارو گەڕەکەکەشم بوو.

جێی ئاماژەیە شاهۆ تاکو ئێستا چەندین پێشانگای کردۆتەوە کە تابلۆکانی گوزارشت لە جوانی سروشتی کوردستان و سەرکردەو ڕەمزەکانی کورد دەکەن.